# PAX AMERICANA

# (پاکس ئەمەریکانا)

## (سەردەمی هەیمەنەی ئەمریکی)

**چاوپێكـەوتنێك لەگـەڵ بـەڕێز فـاروق ڕەفیـق، كـاندیدی دكتـۆرای فەلسـەفە، فەلسـەفەی سیاسـی، پەیوەندییـە نێـو دەوڵەتیەكان لەزانكۆی كارلتۆن- كەنەدا**

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا بەهۆی ئەو جەنگەی كە لەژێر ناوی "جەنگ دژی تیرۆریزم" راگەیەندراوە سـەرجەم جیـهان بـەبارودۆخێكی ئـاڵۆزدا دەڕوات بەتایبـەت دنیـای ئیسـلام كـە بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی كـە چـی دەگوزەرێت پێویستمان بەوەیە بەهۆشیارییەوە بارودۆخەكان هەڵبسەنگێنین‌و بەووریاییەكی لەڕادەبەدەر بەدوای وەڵامـی ئـەو پرسیارانەدا بگـەڕێین كـە لـەلای هەریـەكێكمان دروسـت بـوون. هـەروەك لـەڕێی میدیـاو ئـەو جموجۆڵانـەی لەجیهاندا هەیە ئاگادارین لەدوای لێدان لەئەفغانستان قۆناغی دووەمـی ئـەم جەنگـە بریتیـە لـەو سیناریۆیانەی لەسـەر عـێراق دارێـژراون بەتایبـەتی ئـەو سـیناریۆیەی كـە لـەعێراق بدرێـت، هەریـەك لـەو سیناریۆیانەی ئـەمریكا دەیـەوێت لـەعێراقدا پیـادەی بكـات پەیوەندییـەكی راستەوخۆی بەچارەنووسـی ئێمـەی كوردەوە هەیە. ئەمڕۆ ئەو بەشە كەمەی كوردستان كە ئازادكراوە بەتایبەت‌و سەرجەم میللەت كورد بەگشتی بەقۆناغێكی یەكجار ناسكدا تێ دەپەڕێ. ئەوەی شوێنی ئیشكالیەتە لێرەدا ئەوەیە كـە رووداوەكـان بـەخێرایی تێ دەپەڕن، كە تیایدا بمانەوێت یان نەمانەوێت چارەنوسی كورد دیاری دەكرێت، بەبێ ئەوەی لەساحەی كوردیدا قسەكردنێكی جدی هەبێت لەسەر ئاڕاستەی گۆڕانكاریەكان، قسەكردن هەیە، بەڵام ئەم قسەكردنانەیان دەچنە خانەی قسەكردنی حیزبە كوردیەكانەوە كـە بـۆ پیـادەكردن‌و درێژەپێدانـی سیاسـەتە بـێ حیكمەتەكانیانـەوەو فریودانی خەڵكە بۆ شاردنەوەی كەموكوڕیەكانی خۆیان كە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بەجدی وەریان بگرین‌و پشتیان پێ ببەستین یان ئەوەتا قسەكان دەچنە ڕیزی گفتوگۆی هەندێ "رۆشنبیر"ەوە كە قسەكردنی ئەمانیش شوێنی ئیشكالیەتە لەبەر ئەوەی بەدانسقە كەسێك لەنێو ئەو دەستەو تاقمەدا دەبینین كە شارەزای ئەو بوارانە بێت كە پەیوەندی بەرووداوەكانەوە هەیە لەوانە پەیوەندی نێو دەوڵـەتی، تێگەیشتن لەشارستانیەتی ئەوروپی، تێگەیشتن لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، تێگەیشتن لەعەولەمـەو دواجاریش لەهـەمووی ترسناكتر نەشارەزایی ئەم دەستەو تاقمە لەو شارستانیەتەی كە كورد بەشێكە لێی، هـەر بۆیـە ئێستا لەهـەموو كـات زیاتر پێویستمان بەدەنگێكی شارەزاو خاوەن ویژدانە كە رووداوەكانمان بۆ هەڵبسەنگێنێت‌و كۆمەكمان بكات بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی دەگوزەرێـت، بـۆ ئـەم مەبەستەش دانیشتنێكمان لەگـەڵ بـەڕێز (فـاروق رەفیـق) ئـەنجامدا بـۆ تیشـك خستنەسـەر رووداوەكان.

دەمەوێت لەسەرەتادا ئاماژە بەدوو خاڵ بدەم، یەكەم، سەرجەمی ئەم گفتوگۆیە لەیـەك دانیشتندا ئـەنجام دراوە لەبـەرواری ۲۰۰۱/۳/۱۸و پاشتر مـن گفتوگۆكـەم لەكاسێتەوە گواستۆتەوە بـۆ نوسین، بـەتكا سـەرنجی ئـەوە بدەن كە بەڕێز فاروق رەفیق ئیرتجالی وەڵامی پرسیارەكانی داوەتـەوەو منیش بەباشم زانی وەكـو خـۆی بڵاوی بكەمەوە بۆیە لەچەند جێگایەكدا دووبارە بوونەوە هەیە كە پێویستە بۆ تەواوكردنی مانای بۆچونەكان.

دووەم، ئەم چاوپێكەوتنە تەواو جیاوازە لەوەی كە خوێنـەری كـورد پێـی راهاتووە لـەوەدا كـە رۆژانـە چـەندەها چاوپێكـەوتنی كـورت كـورت دەبینین كە لەدواجاردا مانا دروسـت ناكـەن بۆیـە مـن پێـم بـاش بـوو بـەڕێز (فـاروق رەفیق) ماوەی تەواوی هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان بێ ئـەوەی مـن پێـی ببـڕم لەبـەر ئـەوەی لەهـەندێك جێدا وەڵامەكان زۆر درێژن، هیوادارم ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت.

**ناسك قادر**

# تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی جیهان

*** لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لەئاکامی ڕاگەیاندنی "جەنگ دژی تیرۆریزم" لەلایەن ئەمەریکاوە وە کۆمەڵێك گۆڕانی خێرا روویان داوە کە سەرجەم هەر هەموویان بارودۆخێکی نوێیان بۆ جیهان خولقادووە وە پێ دەچێت ئەم جەنگەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەنەوە بەردەوام بێت، بەڕای بەڕێزتان ئەو ڕەهەندانە چین کە دەبێ سەرنجیان بدەینێ بۆ تێگەیشتن لەم قەیرانە؟**

– لەڕاستیدا پێش ئەوەی باس لەو ڕەهەندانە بکەین سەرەتا دەبێ لەدڵی کێشەکانەوە دەست پێ بکەین کە پەیوەندی هەیە بەم دەسەڵاتە گەردونیەوە کە ئەمەریکایە کە من لێرەدا هەوڵ دەدەم کەمێك لەسەری بدوێم، بەڵام پێش ئەوە پێم باشە ئاماژەیەك بەئەو بوارە بکەم کە پێی دەوترێ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان (International Relations) بۆ کورت کردنەوەش من لەم چاوپێکەوتنەدا باسەدا (IR) بەکار دەهێنم. ئەو ڕووداوانەی کە روویان داوەو ڕوو دەدەن بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندیان بەم کایە مەعریفییەوە هەیە کە دەبا ئەم کایەیە بەلانی کەمەوە لەناو خودی خۆیداو ئەو کەسانەی سەرقاڵی ئەم کایەیەن ئێمەی ئامادەکردباو پڕ چەکی بکردینایە بۆ تێگەیشتن لەگۆڕانکارییەکانو ڕووداوەکانو قودرەتی پێشبینی ڕووداوەکانی نیشان دابا، بەڵام ڕووداوەکان کۆمەڵێ چەمكو تیۆریو گفتوگۆی نێو ئەم کایەیان خستو پووچ کردەوە، کۆمەڵێ پێرسپێکتڤ (وجهة النظر) لەنێو (IR) کاڵ بوونەوە. تا ڕادەیەك گفتوگۆی بیست ساڵی رابردووی نێو ئەم کایەیە ئەمڕۆ هیچ کۆمەکێکمان ناکەن بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخی باو. لەیادمان بێت من وەك کەسێکی ناو ئەو ئەدەبیاتە قسە دەکەمو گەشتێکی مەعریفی چاکم بەناو ئەو ئەدەبیاتەدا کردووە. سەرەتا ئەم تیورییانەی کە لەناو IR لەحەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هاتنە دەرەوە ڕەخنە بوون لەڕیالیزمو ڕیالیزمیش کرۆکەکەی ڕیەڵ پۆڵەتیکە (Real Politic) بۆ نموونە ڕۆبەرت کۆکس (Robert Cox) وەك گرامشییەك پێی وابوو کە سیستەمی دەوڵەتی (Westphalia) کە تەنیا یەك فۆرمی دەستەڵات دەناسێتەوە ئەویش دەستەڵاتی دەوڵەتە لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا ئیدی گونجاو نیەو دەوڵەت تەنیا ئەکتەر نیە لەو مەیدانەدا. (لێرەدا چ کۆسو چ گرامیشیەکانی تریش پێیان وابوو کە هەیمەنەی تاکە دەوڵەتێك لەرۆژگاری ئەمڕۆدا کە لەنەوەدەکاندا ئەمەیان دەگووت، گرانە بەدەست بێت چونکە تاکە دەوڵەتێك ناتوانێ بەو کارە هەڵبستێت، هەر گرامشیەکان بوون کە باسیان لە "کۆمەڵگایەکی مەدەنی نێو دەوڵەتی" دەکرد. ئێستا بابپرسین کوا ئەو کۆمەڵگا مەدەنیەو کوا دەنگێ لەبەردەم هەیمەنەی ئەمریکیدا؟ هەروەها دەگووترا کە سەردەمی "دەوڵەتی هۆبزی" بەسەرچوو، واتە دەوڵەتێکی بەهێز کە لەسەرەوە دەستەڵات بکێشێ بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەی ئەوەی ئەمڕۆ لەئەمەریکا ڕوو دەدات چیە؟ دەوڵەتی ئەمەریکی لیڤایەتانەکەی هۆبز نیە؟ ئەی کوا دەنگی نەیارانی ئەم دەوڵەتە عەسکەرییە لەنێو کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکیدا؟ تیۆرییەکی تر کە کەوتو هێزی شیکردنەوەو تەفسیری لەدەست دا تیۆری لیبرالیزم بوو لەنێو IR دا، یەکێك لەفەرەزیاتەکانی لیبرالیزم لە (IR)دا فەرەزییەی "پێشکەوتن" (Progress) بوو کە پێی وابوو "مەملەکەتی ئینتەرناسیونال بەرەو ئاشتی زیاترو عەدالەت دەڕوا" وە "عەدالەت لەڕێگای هاوکاری هەموو لایەکەوە دێتە دی"، ئایا ئەوەی ئەمڕۆ لەدنیادا ڕوو دەدات عەدالەتە؟ ئەو بۆچوونانەش کە لەپۆست ستراکچرالیزمەوە سەرچاوەیان گرتبوو لاوازی خۆیان نیشاندا لەنەتوانینیان

بۆ تێگەیشتن لەدنیای ئەمڕۆ، لێرەدا مەبەستم لەنوسینەکانی وا کەرو ئاشـلیو کـامبلو کۆنەلیسـیە. ئـەم بۆچوونانـە لەنێو IR دا لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فۆکۆو دریداو لیۆتـاردا بـوون. کەواتـە یـەکێك لەڕەهـەندەکان کـە دەبـێ سەرنجی بدەینێ ئەو قەیرانە قووڵەیە کە ئەم بوارە لەئەمڕۆدا پیایدا تێپەڕ دەبێ. کۆمەڵێ لەو تیۆرییانە نـەیانتوانی ئەو ڕاستییە ببینن کە لەپێشو پاشی جەنگی سارد ئیشی کـردووە ڕیـەڵ پۆلیتیکـە وە ئـەوەی کـە هـەبوو وە هەیـە سیاسەتێكو حاڵەتێکی ڕیالیزمییانەیە کە ڕیالیزم وەکو کۆنترین تیۆری IR بەجوانی دەست نیشانی کردووە. ئـەوەی کە ئەمڕۆ هەیە ڕیالیزمە بەڕووتی، ئەوەی کە ئەمریکا وەکو هێزێکی جیهانی دەیەوێت ئەمڕۆ هەیمەنەی خۆی بەسـەر جیهاندا بسەپێنێ هیچ نیە جگە لەئیمپریالیزمی ڕووت. ئەم بوارە واتە IR وێڕای ئەو کێشە گەورەیـەی کـە هەیـەتیو لەسەرو هەمووشیەوە کێشەی تیۆری کە بناغەیەکی بەهێزی نیە، جگە لەڕیالیزم، وێڕای ئەمەش گرنگی خۆی هەیـەو ئێمە ناچارین جارێکی دی لەنێو ئەم کایەدا ئیش بکەینەوە بۆ ڕزگارکردنی لەو هەموو ئاڵۆزییە ئایدیۆلۆژیانـەی نـاوی وێڕای ئـەوەی ڕیـالیزم وەك تیۆرییـەکی نـاو IR دەبێ خوێندنـەوەی ڕەخنـەیی بـۆ بکرێت، بـەڵام تـا ئێسـتا تاکـە تیۆرییەکە کە دەتوانێ کۆمەکمان بکات بۆ تێگەیشتن لەئەمڕۆی دنیا. سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا نـە بەرمـەبنای لیبرالیزمو نەبەرمەنبای ڕیالیزمی نوێ بەڵکو بەرمـەنبای ڕیالیزمـە تـا دوا سـنوور، تـا ئـەمڕۆ لـەپنتاگۆندا کتێبەکـەی سیوسیدس "مێژووی جەنگی پینیپلیژیان" لەسەر مـێزی هـەر ستراتیژیسـتێکی عەسـکەری ئەمریکیـە. ئـەو بیریـارە ڕیالیستیەی کە لەسەر زمانی ئەفسەرە ئەسینایییەکان پێمان دەڵێت: "بەهێزەکان ئەوە دەکـەن کـە دەبێت بیکـەن، لاوازەکانیش ئەوە تەحەمول دەکەن کە دەبێ تەحەمولی بکـەن"، ئایـا ئـەم ڕسـتەیە کرۆکـی پـەیوەندی نـەك نێـوان دەوڵەتان بەڵکو نێوان میللەتانیش نیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا؟ تا ئەمڕۆ سێبەری کیسەنجەر، کە قوتابیـەکی بەئەمـەکی هانس ج. مۆرگنتاوە کە یەکێکە لەتیۆریستەکانی ڕیالیزم، وا بەسەر سیاسەتی خارجی ئەمریکیەوە. ڕیـالیزم پێمـان دەڵێت کە ئەوەی ئەمڕۆ لەجیهاندا ڕوو دەدات شەڕە لەسەر دەستەڵاتو مۆتـۆڕی ڕووداوەکـان دەسـتەڵاتە، هـێزێکی گلۆباڵ دەیەوێت کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکاتو ئیرادەی خۆی بسەپێنێت. تەفسیرەکانی مۆرگنتاو و پێناسـەی ئـەو بۆ دەستەڵات ئەمڕۆ لەئەلفەوە بۆ یای دەبینین. لەئەلفەوە کە دەستەڵات لای ئەو لەدیدە ڕیالیستیەکەوە بریتیە لـە "چۆك پێدادانی ئەوی تر، یان دوژمنو ناچارکردنی بەوەی کە ئەو شتە بکـات کـە ئـیرادەی ئێمـە دەیـەوێت بیکـات" هەتا دوا خاڵی نیشاندانی دەستەڵات کە مرۆگنتاو دەڵێ هەندێ جار دەستەڵاتێك شەڕ دەکـات لەگـەڵ دەسـتەڵاتێکی تردا تەنها لەبەر هەیبەت (Prestige) بەڵێ ئا ئەمەشە کە ئەمڕۆ دەیبینین. بەواتایەکی دی حەزمان لێی بێت یـان نـا ئەمڕۆ دنیا بەپێی وێناکردنێکی ڕیالیزمی دەڕوات بەڕێوە کە لەدواجاردا بەپێی ئەم بۆچوونە جیـهان شـتێکی دی نیـە جگە لەجەنگەڵێکی گەورە، هێزێك دێت بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ مەرجەعێکی نێـو دەوڵـەتی چونکـە هیـچ دەسـتەڵاتێك لەسەرو خۆیەوە نابینێت کە بۆی بگەڕێتەوە بـۆی، وە دەرەوەی خـۆی بـەئانارکی لەقەڵـەم دەدات، دێتو ئـیرادەی خۆی بەسەر گەردوندا زاڵ دەکات. ئانارکی واتە ئەو حاڵەتـەی کـە لـەنێوان دەوڵەتـەکاندا هەیـە کـە تیـایدا لـەجیاتی بوونی ئۆتۆرەتیەك کە دەوڵەتەکان بۆی بگەڕنەوە گەمەی زیرۆسـەم Zero-Summ بـەر کەماڵـە، ئـەم گەمەیـە واتـا سوودی من یەعنی زیانی تۆ، بردنەوەی من دۆڕانی تۆیە. ئەمەش دەروازەمان بـۆ دەخاتـە سـەر پشت کـە لـەخودی بەجیهانی بوون "گلۆبەڵایزەیشن" تێ بگەین، زۆر بۆچوون لەمەڕ ئەم پرۆسەیەوە لەبەردەم ڕووداوەکاندا بـێ کـەڵکی خۆیان سەلماند. گلۆبەڵایزەیشنو جەنگـەکانی ئەمـەریکا لەجیـهاندا دوو ڕووی یـەك سـکەن، بـۆ ئـەوەی مـەکدۆناڵدو کۆمپانیا گەورەکان ئیشەکانیان بڕوات هێزێکی عەسکەری گەورە دەبێ سـەرتاپای دنیـا بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە

کەواتە دڵی کێشەکان پەیوەندی هەیە بەهێزێکی گلۆباڵەوە کە ئەمەریکایەو هێزێکی عەسکەری بێ پێشینە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەستەڵاتێکی عەسکەری بێ پێشینە بەکار دەهێنێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی جیهانو سەپاندنی مۆدێلی خۆی بۆ گلۆبەلایزەیشن ئەمەش هیچ نیە جگە لەریالیزم بەرووتی. لەساڵی ١٩٩٧ دا کۆمەڵێك ستراتیژیستی ئەمەریکی بەشداری دارشتنی پرۆژەیەکیان کرد بەناوی "پرۆژەیەك بۆ سەدەیەکی نوێی ئەمەریکی" (Progect for The New American Century) ئەمە ئەو پرۆژەیە بوو بۆ دارشتنی ئەو سیاسەتانەی کە ئەمەریکا لەداهاتوودا دەبێت پەیرەویان لێ بکات، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە گەش بینی کۆمەڵێك "رۆشنبیر" بەرامبەر پرۆسەی گلۆبەلایزەیشن لەلوتکەیدا بوو، نەك تەنها "رۆشنبیر"ەکانی کۆیلەی دەستەڵات لەئەمەریکای ژوورو وە ئەورووپا بەڵکو لەجیهانی عەرەبو ئیسلامیشدا کە سەرقاڵی ئەوە بوون لەو دیدە گەشبینیەوە بۆچوونی هەڵە دەربارەی بارودۆخی جیهان پەخش بکەنەوە کە لەدواجاردا دەرکەوت تا چەندە بۆچوونی کورتبینانە بوونو نەتوانینی بینینی ئەو بورکانەی لەژێر ئەو ئارامییەی نەوەدەکاندا کە خۆی لەراستیدا ئارامی نەبوو بۆ عێراقییەك، بۆ سۆدانیەك، بۆ کۆمەڵێك مەواقعی تری جیهان، ئەم بورکانە لەکەفو کوڵی ئەم تەقینەوەیەدا بوو کە ئەمرۆ دەیبینین.

*** چۆن دەتوانین کاریگەری پرۆژەی "سەدەیەکی نوێی ئەمەریکی" لەسیاقی رەوتی ئەو رووداوانەی روویانداوەو بەرێوەن ببینینەوە؟**

— هەدەفی سەرەکی ئەو پرۆژەیە بریتی بوو لەشێوە بەخشین بەسەر دەمێك کە تای تەرازووەکە بەلای بەرەژوەندیەکانی ئەمەریکاو بۆچوونەکانیاندا بشکێتەوە، لەجەوهەردا مەبەست لەکۆنترۆڵ کردنی جیهانەو بۆ ئەوەی گلۆبەلایزەیشن ئیشەکانی تری بکات، وە ئەوەی کە کۆمپانیای نەوتی شێڵو کۆمپانیاکانی تر ناتوانن بیکەن ئەم هێزە بیکات. لێرەوە ئەم پرۆژەیە واتا قایم کردنی بناغەکانی ئەو شتەی کە لە IR دا پێی دەوترێ (pax Americana) پاکس ئەمەریکانا "سەردەمی هەیمەنەی ئەمەریکی" واتە هەیمەنەی ئەمەریکی بەسەر جیهاندا کە هیچ نیە جگە لەئیمپراتۆریەتێك کە لەرووی عەسکەرییەوە لەئیمپراتۆریەتی رۆمان دەچێت، بەلام بەبێ عەقڵو حیکمەتی یۆنان ئەم ئیمپراتۆریەتە هاتۆتە پێش. ئیمپراتۆریەتێك بەرژەوەندی هیچ نەتەوەیەك، هیچ گروپو تاقمێك لەدەرەوەی ئەمەریکا لەبەرچاو ناگرێت جگە لەئەورووپاو لەکارکردنیشیدا هێزێکی رەگەزپەرستەو لەخزمەت رەگەزی سپیدا کاردەکات واتە کردنی جیهان بەبازارێك بۆ کۆمپانیا گەورەکانو راگرتنی هەیمەنەی پیاوی سپی لەسەرەتاوە وتم کۆمەڵێ تیۆری کەوتن بۆ نمونە موناقەشەیەك هەبوو کە پێی وابوو گلۆبەلایزەیشن دەستەڵاتی دەوڵەت لاواز دەکاتو دەوڵەتی نەتەوە بەرەو پووکانەوە دەچێت. ئەم پرۆژەیە کە هەیمەنەی ئەمەریکیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم ئیمپراتۆریەتە کە دێت لەراستیدا بێ دەستەڵاتێکی بەهێزی دەوڵەت ناتوانێ ئەم کارە بکات. دیارە دەشێ باس لەلاوازی دەوڵەتی نەتەوە بکەین لەزۆر شوێنی جیهاندا لەبەردەم دامودەستگاکانی IMF (سندوقی کۆمەکی نێو دەوڵەتی) World Bank (بانکی جیهانی)داو هەروەها دەوڵەتی نەتەوەش ئەو کیانە نیە کە بۆی بگرین. دەوڵەتی نەتەوە ئەزمونێکی پر خوێنی دوو سێ سەدەی رابردوو بوو (لێرەدا بەداخەوە بوارمان نیە باس لەو زیندانە گەورەیە بکەین کە دەوڵەتی– نەتەوە دروستی کرد). ئامانجی سەرەکی ئەو پرۆژەیە بەهێزکردنی ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکیە.

*** ئایا دەتوانین ئەم قۆناغە کە ئەمەریکا تیایدا دەیەوێت هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا زاڵ بکات بەقۆناغێکی نوێ لەسەرمایەداری دابنێین بەتایبەت لەپەیوەندیدا بەعەولەمەوە؟**

– بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی ئادەم سیمس کە وەکو ئایەتی موقەدەسی لێهاتووە لەکۆمەڵێك مەحافلدا کە ئەویش ئەوەیە کە سەرمایەداری یان بازاڕ بەرمەبنای دەستێکی پەنهان یان شاراوە (Hidden Hand) ئیش دەکات، بەڵام بەدرێژایی سەرمایەداری سەلمێنراوە کە ئەمە ئەفسانەیەکی موتڵەقە، ئەم ئەفسانەیە کە گوایە دەستێکی پەنهان لەبازاڕدا ئیش دەکات، بەڵام ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر رووداوەکان بۆمان دەسەلمێنن کە ئەم دەستە شاراوەیە خۆی لەراستیدا ئیش ناکات بەبێ دەستێکی ئاسنین کە لەسەرەوە بێت بۆ سەرکوت کردنی هەموو موعارەزەیەکی سەرمایەداری، بۆ سەرکەوتکردنی هەموو مۆدێلێکی تر کە بیەوێت لەدایك ببێت، کەواتە ئەفسانەی دەستێکی شاراوە پێویستی بەدەستێکی ئاسنین هەیە تاهەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ بەمانایەکی تر عەولەمە دوو ڕەهەندی هەیە یەکێکیان ئابورییەو ئەوی دیشیان سیاسیو عەسکەرییە کە ئەمڕۆ یەکتر تەواو دەکەن، بەمانایەکی تر ماکدونالدو کۆمپانیاکانی خواردنی خێراو بیبسی کۆلاو هەموو ئەو کۆمپانیایانەی تر کە ئەمڕۆ بەجیهاندا پەخش بوونەتەوە ناتوانن ئیش بکەن بەبێ دەستەڵاتێکی عەسکەری کە هەیمەنەی جیهان بکات واتە ماکدۆناڵد ناتوانێ گەشە بکات بەبێ مەکدۆناڵد دۆگلاس واتە مصممی F15، ماکۆدۆناڵد ناتوانێ گەشە بکات بەبێ پنتاگۆن، IMF, WORLD BANK ,WTO , ناتوانن ئیش بکەن بەبێ پۆلیسێکی گلۆباڵ کە کەس نیە جگە لەئەمەریکا، لێرەوە دەبینین یەکێك لەو رەهەندانەی لەم رۆژانەدا دەبێ سەرنجی بدەینێ بودجەی پنتاگۆنە، وەزارەتی دیفاعی ئەمریکی یان وەزارەتی شەڕی ئەمەریکی. بودجەی ئەم وەزارەتە گەیشتۆتە چوار سەد بلیۆن دۆلار. لێرەدا خاڵێك هەیە دەبێ لەبەرچاوی بگرین کە زیادبوونی ئەم بودجەیە نە پەیوەندی بەشەڕی "دژ بەتیرۆریزم"ەوە هەیەوە نە پەیوەندی بەو عیبارەتە تازەیەوە هەیە، مەبەستمان لە "محوەری شەڕ"ە کە ئەمەریکا لەم ماوەیەدا ڕای گەیاند بەڵکو ریشەی ئەم کێشەیە، واتە کێشەی سباق تەسەلوح، دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوو واتە سەردەمی رۆناڵد ریگن. ئەوانەی ئەمڕۆ حوکمی ئەمریکا دەکەن هەمان تاقمی ڕۆناڵد ریگنن، کەسانی وەکو دیك چەینی، رامسفیلدو کەسانی تر کە لەپشت پەردەوە ئیش دەکەن وە کۆمەڵێك رۆشنبیریش بەشدارن لەم گەمەیەدا کە خۆی لادانە لەپرۆژەی کۆنسەرڤتڤەکان، مەبەستمان چیە لەم قسەیە؟ لەچلەکانو پەنجاکاندا بزوتنەوەیەکی کۆنسەرڤەتیڤانە دێتە دەرەوە بۆ دژایەتی کردنی مۆدێرنتی، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لەرێگە لادەداتو ئەجێنداکەیان لەلایەن ئەم کۆمەڵە ڕاست ڕەوەوە ئیختیطاف دەکرێ کە خۆی لەراستیدا کۆمەڵێك رۆشنبیری گەورەی ئەمەریکی بەشداریان کردبوو لەئەجێندای کۆنسەر ڤەتڤەکان کە لەپەنجاو شەستەکاندا وەك هەوڵێکی رەخنەگرانە بوو بۆ مۆدێرنتی. ئەم سباقی تەسەلوحە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی ریگن، بەڵام لەبەر هەر شتێ بێ بارودۆخی ئەو کاتە لەبار نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەیان، بۆ نموونە پرۆژەی دەرعی ساروخی نەڕۆناڵد ریگن وە نە جۆرج بۆشی باوك نەیانتوانی جێبەجێی بکەن، زروفێکی وا هاتە پێشەوە کە هەمان تاقمی ریگن ئێستا بتوانن بەئاسانی جێبەجێی بکەنو بەبارێکی تریشدا بۆ ئەوەی ئەم بەعەسکەری کردنەی جیهانیش لەناوەوە قبول بکرێ واتە تەنها تەرخان کردنی چوار سەد بلیۆن دۆلار نیە بۆ پنتاگۆن بەڵکو محاوەلەیەکە بۆ بەعەسکەری کردنی جیهان وە بۆ ئەوەی ئەمە بکرێت دەستەڵاتی ئەمەریکی پێویستی بەوە هەیە بواری مەدەنی لەناوەوە کۆنترۆڵ بکات، وە وای لێ بکرێت کە هیچ کاریگەرییەکی نەبێت لەسەر ئەو پرۆژە ئیمپریالییەی کە ئەمڕۆ ئەمەریکا بینای دەکات هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەمڕۆ لەناو ئەمەریکادا ئیعتراز بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەئاستێکی یەکجار نزمدایەو زۆر لاوازیشە.

بەبارێکی تردا میدیا بەتەواوەتی لەپشتی ئـەم پـرۆژە ئیمپریالیستـی‌یەوەیە وە کۆمـەڵێك رۆشـنبیر لەپشـتی ئـەم پرۆژەیەوەن وەدەغدەغەی عەواتفی خەڵك دەکەن بەهۆی ئەو رووداوانەی کە لەیانزەی ئـەیلولدا ڕوویـدا، هەرچـەندە کەسانی وەك (ئیدوارد هێرمانو چۆمسکی)یش کە بەپێچەوانەوەی ئەو پرۆژەوە قسە دەکەن، بەڵام هەر زوو لەلایـەن زۆرینەی "رۆشنبیرانەوە" بێ کاریگەر بوونەتەوە، بۆ ئەم پرۆژە ئیمپریالیستی‌یە دەبێ خەڵك لەناوەوە بەسیج بکـرێ لەژێر ناوی ئەوەی کە ئـەمریکا لەبـەر مەترسـی هێرشـی کۆمـەڵێك بەربـەری دایـە کـە لـەدەرەوەنو دەیانـەوێت ئـەم شارسـتانیەتەی خۆرئـاواو بـەها دیموکراتیـەکانی لەناوبـەرنو ئـەو وولاتانـەی بەحسـاب ئـــەم بەربەرییانـــەی تێـدان بەمحوەری شەڕ ناو دەبرێت کە لەڕاستیدا محوەری شەڕ هیچ نیە جگە لەو کۆبوونەوەیەی کـە کرۆکـی ئـەم ئیدارەی دەستەڵاتەی ئەمەریکا پێك دەهێنن کە ئیدوارد هێرمان ناوی دەبا بەمیحوەری شـەڕ کـە لەپشـتی‌یەوە کۆمپانیاکـانی پیشەسازی نەوتو پیشەسازی عەسکەری هەیە، کەواتە ئەوەی پێی دەگوترێت "جەنگ دژی تـیرۆریزم" بەهانایەکـە بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەجێندا داخلـیو دەرەکی‌یەکـەی ئـەم دەسـتـەڵاتە گلۆباڵـە بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەجنێدا ئیمپریاتلیستیەکەی بەبێ هیچ موعارەزەیەك.

جۆرج بۆش تا ئێستا چەند جارێك ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کە ئەوەی لەیانزەی ئەیلولدا ڕوویدا هەلێکی ئاڵتونی بوو، ئەم پیاوە زۆر بێ شەرمانە مەرگی سێ هەزار ئەمەریکی بەهەل ناو دەبـات، دیـارە هـەلێك بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەجێندایە ئەم جارە بێ هیچ پرسـیارو موناقەشـەیەك چ لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆو چ لەسـەر ئاسـتی دەرەوەدا پیـادە بکرێت، لەسەر ئاسـتی نـاوخۆ ئـەمڕۆ لەئەمـەریکادا کۆبوونەوەیـەك وە رێکـەوتنێك هەیـە لـەنێوان ئـەو هێزانـەی کـە قەوارەی سیاسییان بەدەستەوەیە لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکاندا لەو هێزە سیاسیانە دەتوانین ناوی فەندەمێنتاڵیسـتە مەسیحیەکان بەرین کە رۆژنامەو تەلەفزیۆنو زانکۆی خۆیان هەیەو کەسێکیش نیـە پێیـان بڵـێ ئێـوە بەرنامـەکانتان بگۆڕن وەکو ئـەوەی ئـەمڕۆ ئیمپریـالیزمی ئـەمریکی بەجیـهانی ئیسـلامی دەڵـێ کـە قوتابخانـە ئاینیـەکان دابخـرێو دەستکاری سیستەمی پەروەردە بکرێتو دەستکاری هەموو شتێکی دنیای ئیسلامی بکرێ کەسـێك نیـە ئـەم قسـەیە بەفەندەمینتاڵیستە مەسیحی‌یەکان بڵێ کە خۆیان لەپشتی ئیدارەی ئەمەریکی‌یەوەن کۆمەڵێك رۆشـنبیرو کۆمپانیـای گەورە پشتگیریو خزمەتی ئەم پرۆژە ئیمپریالیستیەی ئەمەریکا دەکەن ئەم پرۆژەیە هـەموو دەنگێکـی ناڕەزایـەتی لـەناو ئەمـەریکادا کوشـتووە بـەناوی ئـەوەی گوایـا بەرژەوەندییـەکانی ئەمــەریکا لەمەترسـیدایە لــەکاتێکدا ووردبوونەوەیەکی زۆر سادەش لەڕووداوەکان پێمان دەڵێ کە بەرژەوەندی ئەمەریکی بـەهیچ شـێوەیەك لەمەترسـیدا نیەو ئەمە ستراتیژ یەتێکە بۆ سەپاندنی هەیمەنەی ئەمەریکی. دواتر بەدرێژی باس لـەو سـتراتیژیەتە دەکـەم، بـەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوەی لەناوخۆی ئەمەریکادا دەیبینین هەولێکە بۆ دروسـت کردنـی دەوڵـەتێکی تۆتالیتـاری ئـەمڕۆ تەنانـەت عیبارەتەکـەی تۆکۆڤیـل واتـە "سـتەمکاریەکی نـەرمو نیـان" نـاخوات چونکـە لـەودیو ستەمکاری نەرمو نیانەوە کۆمەڵێك یاسای تازە لەئەمەریکادا داڕێژراوە کە هەر هەموو باس لەمحاکەماتی عەسـکەری خێرا دەکەن وەگرتنـی خـەڵك لـەناو ئەمـەریکادا کـە هـەر هـەموو ژێـر پـێ خسـتنی کۆمـەڵێك پرەنسـیپە (بـۆ نمونـە جیاکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسیو قەزائی لەیەکتر وە سەربەخۆیی بواری قەزا، مافە مەدەنیـەکان لەوانـە هـەبوونی مافی داکۆکی لەخۆکردنو ئـازادی ڕا دەربڕیـن). لـەدەرەوەش ئەجێندایـەکی ئیمپریالیسـتی بینـا دەکـات، ئەمـەوێت لێرەدا بڵێم عەقڵێکی گەورەمان ناوێ بۆ ئەوەی لەم ڕاستیە تێ بگەین لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەمڕۆ کۆمـەڵێك خـەڵك هـەن لەکوردستان خۆیان لەم حەقیقەتە بەرچاوە گێل دەکەن بۆ نمونە ماوەیەك لەمەوبەر کوڕێـك لەدەربـەندیخان گیراوە

لەلایەن رۆشنبیرێکی دۆستەوە کە تیایدا گوتویەتی گوایە میللەتی ئەمەریکی میللەتێکی زیندووەوە رێگە نادات بەتیرۆریستەکان بەبێ سزا دەرباز ببن، دواتر باسی ئەوە دەکات کە دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. ئەم برادەرە رۆشنبیرە بەم شێوەیە باس لەجەنگی "دژی تیرۆریزم" دەکات بێ ئاگا لەوەی کە میللەت نیە لەجیهاندا وەکو میللەتی ئەمەریکی چوار دەوری بەجەهل تەنرابێت بەتایبەت لەزانیاری دەربارەی ئەوەی لەدەرەوەی ئەمەریکادا چی دەگوزەرێت. بۆچوونی ئەم دۆستە لەسەر ئەمەریکا تەنها نیە بەپێچەوانەوە رۆژانە لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی دەستەڵاتی کوردیدا نوسینی ئەو کەسانە دەخوێنینەوە کە وەکو پۆلیسی ئەمەریکی قسە دەکەن‌و بەشان باهوی ئەم ئیمپراتۆریەتەدا هەڵدەدەن بێ ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتبێت کە چ ئینجازێك لەبوون بەپۆلیسی ئەمەریکیدا بۆ کورد هەیە، دەمەوێت ئەو رۆشنبیرە ئاگادار بکەمەوە کە بەرێز لەو دوورەوە حوکم دارن بەسەر میللەتی ئەمەریکیدا دەبێ بەرمڵ لێدان چونکە میللەتی ئەمەریکی لەناوخۆدا بێ دەنگە، بێ ئاگایە، بێ باکە وە موعارەزەیەك لەئارادا نیە وە ئەم ئەجێندایە بۆ دەرەوە ئەجێندایەکی ئیمپریالیستی‌یە پەیوەندی بەزیندوو بوونی میللەتی ئەمەریکیەوە نیەوە ئەگەر ئەم میللەتەش رازی بێت بەم ئەجێندا ئیمپرایالیستی‌یە ئەمە دەلالەت لەزیندووبوونی ناکات لەکاتێکدا رازی بێت بەکۆنترۆڵ کردن‌و کوشتنی میللەتانی تر. لەڕاستیدا لەبنەڕەتدا کێشەیەکی گەورەی کلتوری لەئەمەریکادا بەدی دەکرێ، ئەمڕۆ لەناوخۆی ئەمەریکادا نوکتە دەکرێت لەسەر چۆنیەتی گرتن‌و کوشتنی ئەفغانی‌و موسوڵمانەکان تۆ ناتوانی لەو دوورەوە بەم میللەتە بڵێیت زیندوو لەکاتێکدا رازییە کۆمەڵێك موسوڵمان لەنێو قەفەسدا توندبکرێن‌و وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. گەر ئەجێندایەکی ترت هەیە کە لەگەڵ ئەم هێزە ئیمپریالیستیەدا یەك دەگرێتەوە بیڵێیت باشترە نەك ئەوەی سەرجەم مەسەلەکەمان وا بۆ وێنا بکەیت کە ئەو میللەتە میللەتێکی زیندووەوە ئەم دوژمنەش دوژمنی دوژمنەکانمان نیە لەڕاستیدا ئەوەش بۆچوونێکی تری هەڵەیە کە لەو ساحەیەدا بەکاردێت چونکە لەڕاستیدا ئەم هێزە ئەجێندایەکی ئیمپرایالیستی هەیەو پەیوەندی بەوەوە نیە کە دوژمنایەتی دوژمنەکانی ئێمە بکات. دەبێ ئاگاداربیت کە رۆشنبیر بەم عیبارەتانە قسە ناکات کە خۆی بەناقد بزانێت بەڵکو ئەمە شێوازی قسەکردنی سیاسیەکی دیماگۆگە وێرای ئەمەش من هیچ بەهانەیەك نابینمەوە بۆ ئەوەی رۆشنبیرێك هەموو چەکەکانی دابنێ لەبەردەم ئەم ئەجێندا ئیمپریالیستی‌یەدا لەباتی ئەوەی ئینسانی کورد هۆشیار بکاتەوە بەرامبەر ئەو خەتەرەی کە بەرێوەیە وە لەباتی ئەوەی ببێت بەناقدێك بەسەر دەستەڵاتی کوردیەوە کە هەڵە نەکات لەم بارودۆخە ناسکەدا لەجیاتی ئەمە خەریکن رێگە تەخت دەکەن بۆ ئەوەی سیاسی کورد بەئارەزووی خۆیان درێژە بەبێ حیکمەتیەکانی چەندین دەیەی رابردوویان بدەن. مادام باس لەم ئەجێندایە دەکەین دەبێ بەو رۆشنبیرانە بڵێین کە وەکو FBI قسە دەکەن کە کلتوری ئەمەریکی لەحاڵی حازردا گەیشتووە بەڕادەیەك لەسادەو ساویلکەیەتی کە بەم زمانە قسە دەکات: رەش‌و سپی، خێرو شەڕ دابەش کردنی بەشەریەت بۆ بەربەری‌و شارستانی، کە بەئاشکرا دیارە کە مەبەست لەشارستانیەتی خێر شارستانیەتی ئەوروپیەو شارستانیەتی ئیسلامیش شارستانیەتە شەڕانیەکەیە ئەم زمانەی ئەمڕۆ ئەمەریکا قسەی پێ دەکات زمانێکی ئیستبدادی‌و سلطەوییەو دژی هەموو ئەو بەها ئینسانیەکانە کە پروپاگەندەی بۆ دەکرێت.

رۆژنامەی لۆس ئەنجلس TIMES تایمز رۆژی شەممە ٢٠٠٢/٣/٩ قسەی لەراپۆرتێکی سری وەزارەتی پنتاگۆن کرد سەبارەت بەچاوپیاخشاندنەوە بەبارودۆخی نەوەوی ئەمەریکیدا کە تیایدا ئیدارەی ئەمەریکی داوای لەپنتاگۆن کردووە پلانێك ئامادە بکات بۆ ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژ بەچین، کۆریای شیمالی، روسیا، ئێران،

عێراق، لیبیا، سوریا، دەبوایە ئەم هەواڵە وەك بۆمب بتەقایەتەوە بەتایبەت لەو نێوەندەدا کە سەرقاڵن بەقسەکردن لەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانەوە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لەم لیستەدا جگە لەچوار وولآتی ئیسلامی سێ وولآتی تریشی تیایە هەرچەندە هەریەك لەو ولآتانە ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو پلانە دەربڕی، بەلآم دیارە هیچ یەکێك لەو حەوت ولآتە قودرەتی ئەوەی نیە لەئێستادا بەرامبەر ئەمەریکا بوەستێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرا هاتنە دەرەوەی راپۆرتەکە نەبووە مایەی دروست کردنی پەرچەکردارێکی پێویست لەجیهاندا، بەلآم ئەو راپۆرتە ئەو شتە گرنگەی پێ گوتین کە ئەم هێزە ئیمپریالیستیە بەڵێ لەوێیەو بەئەجێندایەکەوە خەریکی پڕ چەك کردنی خۆیەتی وە هەموو پرنسیپڵێكو یاسایەکی نێو دەوڵەتی پشت گوێ دەخاتو هیچ شتێك لەبەرچاو ناگرێت جگە لەبەرژەوەندی خۆی.

دەمەوێت ئێستا باس لەستراتیژیەتی ئەو هێزە ئیمپرایالیستی بەکەم. وەکو گوتمان بەئیعترافی ئیدارەی ئەمەریکی یانزەی ئەیلول خۆی هەلێکی ئالتونی بوو بۆ ئەمەریکاوە هەلێك بوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەجێندا ئیمپریالیستیەکەی کە وەکو باسمان کرد لەمێژەوە ئیشی لەسەر دەکرێت کە ریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رۆناڵد ریگن. ئەم ستراتیژیەتە کۆمەلێك رێکخراوی وەکو THINK TANK ی لەپشتەوەیە وە یانزەی ئەیلول هەلی ئەوەی دا بەئەمەریکا کە ئەجێندایەکەی بەم شێوە زەقەی ئەمڕۆ لەجیهاندا دەیبینین پیادە بکات. لەلایەکی ترەوە لەناوخۆی ئەمەریکاو دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا هێزە نەیارەکانی عەولەمە لەبرەوداوبوونو دەستەلآتێکی عەسکەری پێویست بوو بۆ سەپاندنی ئەم هەیمەنەیەو دەرگا داخستن لەسەر هەموو جۆرە دایەلۆگو قسەکردنێك لەسەر ئەوەی کە عەولەمە شێوەیەکی ئینسانی بەخۆیەوە بگرێ کە تا ئێستا نەیگرتووە کەواتە ئەم جەنگە هیچ نیە جگە لەتەواوکردنی پرۆسەی عەولمەوا تا عەولەمە ئەم پرۆژە خوێناویەیە، بەلآم بابزانین بۆ لەئەفغانستانەوە دەستی پێکرد؟ لەئەفغانستانەوە دەست پێکرا نەك لەبەر ئەوەی دەبا لەبن لادن بدرێتو نەك لەبەر ئەوەی کە تاڵیبان رژێمێکی کۆنەپەرست بوو چونکە وەك دەزانین چ قاعیدەشو چ تاڵیبانیش دروست کراوی CIA بوون بۆ دژایەتی کردنی شورەوی. چەند هەواڵێك هەیە لەسەر ئەوەی کە نەك تەنها لەرابردوودا بەڵکو لەکاتی ئەم جەنگەشدا هەل هەلکەوتووە بۆ کوشتنی بن لادن، بەلآم کە تیرۆر نەکراوە لەبەر ئەوە بووە پرۆژەکە لەودیو بن لادنەوەیە لەودیو تاڵیبانەوەیە بابەتەکە ئەوە نیە کە هێزێکی تیرۆریستو کۆنەپەرست لەئەفغانستادا هەبووە بەڵکو چونکە ئەفغانستان مەوقعێکی ستراتیژی هەیەو دەبێ نیزامێ تیایدا حوکم بکات کە خزمەت بەم ستراتیژیەتەی ئەمەریکا بکات. وەزعی جیۆسیاسی ئەفغانستان کە لەئاسیادایەو لەخۆرئاوایەوە ئێرانو لەخۆرهەلآتیەوە چینو هندستانو پاکستانو لەخۆرئاوایەوە ئێرانو لەباکوریەوە روسیا وە هەروەها دراوسێی ئەو جمهوریاتانەیە کە بەسەر دەریای قەزویندا دەڕوانن کە هەر هەموویان خاوەنی سامانی نەوتو گازی سروشتین. ئەم مەوقعیەتە جیۆسیاسیەی ئەفغانستان وا دەکات کە شوێنێکی لەباربێت بۆ پیادەکردنی پرۆژە سەرەکیەکەی ئەمەریکا واتە ئامانجی سەرەکی ئەم هێزە گلۆباڵە لەدانانی سیستەمێك لەئەفغانستان کە سەر بەئەمەریکا بێت بۆ دەست ڕەسی پەیداکردنە بەسەر ئاسیای ناوەڕاستدا.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەم کە مەسەلەکە تەنها نەوتو گاز نیە بەڵکو سامانێکی تر هەیە کە ئەمەریکا لەئێستاوە حسابی بۆ کردووە لەهەیمەنەکردنی بۆ سەر ئەو ناوچەیەدا ئەویش سامانی ئاوە کە هەر ئێستا قسە لەسەر ئەوە هەیە گەر ئێستاش نەبێت لەچەند ساڵی ئایندەدا شوێنی نەوت دەگرێتەوە لەگرنگیدا وەکو

سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ژیان. بەگرنگی دەزانم لێرەدا دەبێ مەوقعی وڵاتەکەی خۆمان (کوردستان) لەبەرچاو بگرین‌و پلانەکانی تورکیایە بۆ داگیرکردنی کرودستان‌و دەعمی ئەمەریکا بۆ تورکیا بۆ سووربوونی لەسەر ئەوەی کوردستان بۆ ئەبەد پارچەیەك بێ لەتورکیا ئەویش لەبەر بوونی ئاوە. کەواتە ئەفغانستان وەك خاڵێکی ستراتیژی گرنگ لەلایەن ئەمەریکاوە هەڵبژێردرا بۆ پیادەکردنی ئەو ئەجێندایەی لەهەشتاکانەوە پلانی بۆ دادەنێت. ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکی لەڕێگەی دەستەڵاتی عەسکەری‌و عەولەمەوە ئیتر تەنها چاوەڕێی ئەوە ناکات لەهێزەکانی جیهانەوە کە لەگەڵیدا بن بەڵکو دەیەوێت هەیمەنەی خۆی بەسەر ئەو نیزامانەشدا بسەپێنێ کە حوکم دەکەن‌و بەمەش ناچاریان دەکات کە بەهەیمەنەی موتڵەقی یەك هێزی گلۆباڵ کە ئەمەریکایە رازی بن ئا ئەمەشە کە من پێی دەڵێم پاکس ئەمەریکانا.

ئەمڕۆ ئەمەریکا هەنگاوێك زیاتر لەمامەڵەکردن لەگەڵ هێزە ئیستبدادیەکان دەڕواتو دەیەوێت گۆڕانکاری لەسیستەمە بەهاییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا بکات بەدڵنیاییەوە نیازی چاك کردن‌و بەدیموکراسی کردن نا وەکو ئەوەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ بەڵکو بۆ کوشتنی هەموو جۆرە ناڕەزایەتیەك کە لەوانەیە رۆژێك سەرهەڵبدات. ئەوەتا دەبینین داواکردنی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لەوڵاتە ئیسلامیەکان، وە مەبەستی سەرەکیش لەم دەست خستنە کاروباری وولاتانی دی بریتی‌یە لەبەستنەوەی هەموو جیهان بەسیستەمە بەهاییەکانی ئەمەریکاوە.

کەواتە ئەم هەوڵە بۆ زاڵ کردنی هەیمەنەی ئەمەریکی کە لەژێر سایەی عەولەمەدا کاری بۆ دەکرێتو پێ بەپێ دەڕوات لەگەڵ چالاکی کۆمپانیا گەورەکاندا لەمەودای دووریشدا رێگە نادات بەهیچ هێزێك سەر هەڵبدات کە ئەگەری ئەوەی هەبێت بەرەنگاری پرۆژەی پاکس ئەمەریکانا ببێتەوە.

ئەگەر کەسێك لێرەدا ناڕەزایەتی دەربڕێت کە کۆمپانیا گەورەکان هەموو ئەمەریکی نین ئێمەش دەڵێین زۆربەیان ئەمەریکین، ئێمەش دەڵێین راستە کۆمپانیای گەورە هەیە کە ژاپۆنی‌یە، بەڵام گەر ژاپۆن رازی بێت بەوەی ئەمەریکا ئیش بکات لەسەر زاڵ کردنی هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا ئەمەریکاش رێگە دەدات بەکۆمپانیا ژاپۆنیەکان کە ئیشەکانی خۆیان بکەن. ئەوەی کە ئەورووپاش بێ دەنگە کە دواتر دێمە سەری لەبەر ئەوەیە کە پرۆژەی پاکس ئەمەریکانا درێژکراوەی پرۆژە ئیمپریالیستە، کۆلۆنیالیستەکەی ئەورووپایە کە لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا لەژێر پەیامی "پیاوی سپی"دا بەڕێکرا. لەژێر دروشمی پیاوی سپیدا بۆ بەشارستانی کردنی بەشەریەت جیهان کۆلیۆنەلایزکرا ئەمڕۆش لەژێر دروشمی دژایەتی کردنی تیرۆریزمدا ئەمەریکا دەیەوێ درێژە بەپرۆژەی هەیمەنەکردنی جیهاندا بدات. لەبەر ئەمەیە کە ئەورووپا دەتوانێ لەگەڵ ئەم پرۆژەیەی ئەمەریکادا هەڵبکات، خۆ ئەگەر لێرەشدا کەسێك ناڕەزایەتی دەربڕێت کە لەئەورووپادا خەڵك هەیە دەنگی لێ بەرزبۆتەوە من دەڵێم ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت دەنگ لێ بەرزبوونەوە هیچ نیە جگە لەبلمە بلّم، بەڵام لەجەوهەردا ئەورووپا لەگەڵ ئەم مەشروعەی ئەمەریکادایە چونکە ئەورووپا تا مەدایەکی دوور دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت. وە ئەوەی کە ئەورووپا بەبەهای دیموکراسیەتو مافی مرۆڤ شەڕ لەگەڵ ئەمەریکا دەکات کۆمەڵێك وەهمن کە تەنها بۆ سەر مێزی کۆمەڵێك رۆشنبیر بەکار دێت.

ئەورووپا بەهوشیارییەوە لەگەڵ ئەم پرۆژە ئەمەریکیەدا دەڕوات چونکە لەدواجاردا پرۆژەی ئەمەریکی تەنها هەیمەنە کردنی جیهان نیە بۆ خودی ئەمەریکا بەڵکو دروست کردنی بازاڕێکیشە لەجیهاندا بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو مواردێکدا کە ئەورووپیەکانیش دەتوانن لەبەروبوومی ئەم هەیمەنەیە بخۆن. لێرەوە بێ دەنگی ئەورووپا لەترسدا نیە بەڵکو لەهۆشیاریەوە هاتووە چونکە وەك وتمان ئەم مەشروعەی ئەمەریکا تەواوکەری مەشروعە

ئیمپریالیستیەکەی ئەورووپایە کە دواجـار هـەردووکیان توخمێکـی رەگەزپەرستی تیایـە لـەوەدا کـە سیادەکردنێکی موتڵەقی پیاوی سپیە بەسەر جیهاندا وە لێدانە لەهەر هێزێك کە بیەوێت بەرامبەر ئەم پرۆژەیە بوەستێتەوە.

رەهەندێکی تر کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین سـەبارەت بـە "جـەنگ دژی تـیرۆریزم" بریتیـە لەپێناسـە نـەکردنی تیرۆریزم لەلایەن ئەمەریکاوە چونکە گەر پێناسەی کرد یەکـەم، کۆمـەڵێك کـاری ئـەمریکا هەیـە دەچنـە نێـو کـاری تیرۆریستیەوە بۆ نمونە دەست تێوەردانی ئەمەریکا لەکاروباری ناوخۆی وولاتەکانی ئەمەریکای لاتین لەهەشـتاکاندا. وە دووەم کۆمـەڵێك دۆسـتی ئەمـەریکا بـێ هەلومـەرج پشـتیوانیان لێ دەکرێ لەلایـەن ئەمـەریکاوە، کـە دەکـرێ بەسیستەمی تیرۆریستی ناونوس بکرێ من لـەوتارێکدا کـە لـەهاوڵاتی ژمـارە (٥٥) لەبـەرواری ٢٠٠٢/١/٧ بڵاوبـووەوە ئاماژەم بەوە کرد کە جەنگی دژی تیرۆریزم لەمەودوا بەکار دەهێنرێ بۆ هـەر کەسێك وە هـەر موعارەزەیـەك لەهـەر وولاتێکدا کە بەپێچەوانەی ویستەکانی دەستەڵاتەوە بجولێتەوە، لەم رۆژانـەدا ئەمنسـتی ئەنتەرناسـیونال راپۆرتێکـی هێنایە دەرەوە کە راستی ئەم بۆچوونەی سەلماند. ئەمنستی باس لەوە دەکـات کـە چـۆن "جـەنگ دژی تـیرۆریزم" لەکۆمەڵێك وولاتدا، کە بەدوای بەهانەیەکی وادا دەگەڕان، لەژێر ئەم نـاوەدا کەوتوونەتـە سـەرکوتو دەسـتگیرکردنی خەڵکانێك کە دژی سیاسەتەکانی ئەوانن.

ئەمڕۆ لەدوای شەش مانگ لەڕووداوەکانی یانزەی ئەیلول کە ئەم دروشمـە لەڕاسـتیدا بۆ بـێ دەنـگ کردنـی هـەر "نەیارێکە" وە هەر کەسێك کە بیەوێت بەئەجێندایەکی جیاوازەوە ڕەخنە لەناعەدالەتیەکانی سیاسەتی جیهانی یان ناعەدالەتیەکانی هەر وولاتێك لەناوخۆدا بگرێت. ئەمڕۆ ئەو کەسانە لەژێر نـاوی تیرۆریسـتدا دەخرێنـە زیندانـەوە کـە خۆی پێشێلکردنی هەموو ئازادیە مەدەنیەکانە لەناو ئەوانەدا کە دەخرێنە زیندانەکانەوە نەیارانی عەولەمەن کە خۆی عەولەمە پرۆژەیەکە تەواوکەری ئەم جەنگەی ئەمڕۆی ئەمەریکایە وە ئەم جەنگەش تەواوکەری عەولەمەیە.

کەواتە لەڕاستیدا "جەنگ دژی تیرۆریزم" ئامانجەکەی کوشتنی هەموو جـۆرە موعارەزەیـەکو سـەرکووت کردنـی هەر کەسێکە کە بیەوێت بەجۆرێکی دی بیر بکاتەوە نەك ئەم بۆچوونە سادەو ساویلکانەیەی ئەمڕۆ ئەمـەریکا بـڵاوی دەکاتەوەو کۆمەڵێك کەسیش دەیکڕن بەتایبەتی "رۆشنبیران" نەك تەنها لەئەمـەریکادا بـەڵکو لەهـەندێ سـەقافەتی ئەو ناوچانەی ئێمەشدا. سەبارەت بەرۆڵی "رۆشنبیران" لەئەمەریکا پێم باشە ئاماژە بـەو نامەیـە بکـەم کـە لەلایـەن شەست رۆشنبیری ئەمەریکیەوە ئیمزا کراوە وەك پشتیوانیەك بۆ ئەمەرکیا، ئەم نامەیە تا ئیستا لەئەمەریکای شمالی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە بەڵکو لەدەرەوەی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە لەوانە لەدنیای عـەرەبدا لـەنێو ئـەو رۆشـنبیرانەدا کۆمەڵێك خەڵك هەن کە لەمحافلی دووەلیدا ناسراون لەوانە سامویل هینگنتونو فوکویاما. ئـەم رۆشـنبیرانە بەشـێکن لەم پرۆژە ئیمپریالیستیەو خۆیان بەخش کـردووە بـۆ جێبـەجێ کـردنو خزمـەتی ئـەم پرۆژەیـە وە لەڕاسـتیدا هـەر ئەمانە لەپشتی خودی پرۆژەکەوەنو وە لەدامەزرێنەرەکانیشین، بەڵام ئەوەی کـە جێـی سەرسوڕمانە کـە کۆمـەڵێك "رۆشـنبیر" لـەو ناوچانـەی ئێمـەدا خۆبەخشـانە بـەبێ زانـینو بینینـی ئـەو هەقیقەتانـەی تـا ئێسـتا باسـم کـردن بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرگری لەو پرۆژەیە دەکەن.

*** ئایا ئەو بۆچوونە چەند ڕەوایەتی هەیە کە دەڵێ ئەم جەنگە جەنگێکە دژی ئیسلام؟**

– دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لەسەر دوو ئاست بدەینەوە. بەڵێ ئـەم جەنگـە دژی ئیسـلامە، ئەگـەر سـەیری ڕووداوەکان بکەین لەسەر هەموو ئاستەکانی میدیاو سـتراتیژیەتی ئەمـەریکی لەوانـە جـەنگ لەئەفغانسـتانو هێرشـی لەناوبردنی گەلی فەلەستین. نەخێر ئەم جەنگە تەنـها رەهـەندێکی دژایـەتی کردنـی ئیسـلامەو دەبـێ مـەودای دووری

ستراتیژیەتی ئەجێندای ئەمەریکی لەدەرەوەی ئیسلام ببینین ئەویش ئەوەیە کە تا ئێستا باسم کرد کە بریتییە لەپەیداکردنی هەیمەنەیەکی موتڵەق بەسەر جیهاندا. وا هەست دەکەم هەقی تەواومان داوە بەئاستی دووەم، بەڵام دەبێ چەند رونکردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەم جەنگە جەنگێکە دژی ئیسلام. لەماوەی شەش مانگی رابردوودا نەك تەنها لەئەمەریکا بەڵکو لەوڵاتە ئەوروپیەکانیش هێرشێکی دڕندانە بۆ سەر بەها شارستانیەتو، ئاینی ئیسلام، دژ بەئینسانی موسوڵمان هەیە بەڕادەیەك کە ئەمڕۆ بووە بەبابەتێکی باش بۆ ئەوەی کەسێك لەهەڵبژاردنێکی محلی، بلدیو لەسەر ئاستی ناشنال لەناوخۆی هەریەك لەوڵاتە ئەوروپیەکاندا بەکار بهێنێ، دوا هەواڵ لەم ڕووەوە هەڵبژاردنی فورتۆن بوو لەهۆڵەندا، ئەم کابرا بازاڕییە، دیماگۆگە، شەلاتیە بەهۆی دژایەتی کردنی بۆ ئیسلامو ناوبردنی بەشارستانیەتێکی دواکەوتوو هەڵبژێردرا، فۆرتۆن بەڕاشکاوی ووتی لەهۆڵەندادا موسوڵمانەکان دەبێ قانونی تازەیان بۆ دابڕێژرێت.

ڕۆژانە چەندەها ڕووداوی لەچەشنی داخستنو بێ ئیحترامی کردن بەرامبەر بەمزگەوتەکانو کێشانی عەلاماتی فاشیزم لەسەر مزگەوتەکانو بێ ئەدەبی کردن بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەئاشکرا دیارە موسوڵمانن لەوانە ئەو خانمانەی حیجابیان بەسەرەوەیە. دەبینین هەزاران داستانی لەم جۆرە لەشەش مانگی رابردوودا ڕوویداوە کە هەر هەموو دەبێتە مایەی ئەوەی بەزەییمان بەم کلتورە خۆرئاواییەیانەدا بێتەوە کە چۆن لەبەردەم ڕووداوێکدا چۆك دادەدەنو هەموو ئەو بەهایانەی کە چەندین دەیەیە پرۆپاگەندەی بۆ دەکەنو هەر هەموو ئەم بەهایانە دەکەون.

بۆ ئەوەی کەسێك تاوانبارمان نەکات بەوەی کە باسی ئەوە نەکەین کە دەنگێك هەیە لەنێو خەڵکدا ئەمە دیدی نیەو دەڵێ ئەمە ناعەدالەتیە، بەڵام ئەمە دەنگێکی لاوازەو ئەوەی کە خیتابی عامە وە دەوڵەت پشتگیری دەکاتو میدیا ئەو هێزە ترسناکەی کە لەڕێیەوە ئەم هێزە رەگەز پەرستیە ڕەشانەوەکانیان بەسەر ئیسلامدا پەخش دەکەنەوە لەپشت ئەم خیتابەوەیە.

لەو وڵاتە رۆژئاواییانەی کە موسوڵمان هەیە، دیارە مەبەستم لەو کەسانە نیە کە بەحقدێكو دونیەتێکەوە بەرامبەر ئیسلام هاتوونو لەخۆرئاوا دەژینو بەهەموو شتێکی رۆژئاوایی ڕازینو هیچ هێزێکیش نیە بتوانێ تێیان بگەیەنێت کە ئەم دژایەتی‌یە بۆ شارستانیەتی ئەوان چ مانایەکی هەیە بەداخەوە زۆرێك لەم کەسانە رۆشنبیرەکانن، بەڵام خەڵکانی دی بەئاسانی دەتوانن داستانەکانی خۆیانمان بۆ بگێڕنەوە کە لەماوەی شەش مانگی رابردوودا کە ئەزموونیان کردووە.

ئەم تەقینەوە رەگەزپەرستیە شتێکی تازە نیەو کۆمەڵێك هێز لەپشتیەوەیەتیو درێژکراوەیەکی مێژوویی هەیە ئەو بێ دەنگییەی چەند دەیەی پیشوو لەبێ دەنگی پێش زریان دەچوو ئێستا زریانەکە هاتووەو کۆمەڵێك بەهای رۆژئاوایی هەرەسیان هێنا. با لێرەدا بپرسین مەبەست لەئیسلام چیەو ئەم دژایەتی کردنەی ئیسلامیش هۆکەی چیە؟ سەرەتا کە باس لەئیسلام دەکەین دەبێ ئەوەی پێی دەوترێت بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەم بابەتەدا بخەینە ناو کەوانەوە چونکە ئەم دژایەتی کردنە بۆ بزوتنەوە فەندەمێنتالیستەکان نیە چونکە گەر وابێت بزوتنەوەی فەندەمێنتاڵیستی هندی هەیە کە دژایەتی ناکرێت، فەندەمێنتاڵیستی پرۆتستانی هەیە کە لەئەمەریکادا حوکم دەکات کەواتە ئەم جەنگە پەیوەندی نیە بەدژایەتی کردنی بزوتنەوەی فەندەمێنتاڵیستیەوە بەڵکو پەیوەندی هەیە بەشتێکی گەورەتر لەم بزوتنەوانە ئەویش شارستانیەتی ئیسلامیەو ئاینی ئیسلامە کە ئەمەش گەر بمانەوێت بەقوڵی لێی تێبگەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ریشە ثیولۆجیەکەی. لەئیسلامدا ریشەیەك هەیە کە دەکرێ گەر هێزێك

لەئیسلامدا سەر هەڵبدات و کاپیتەلایزی بکات و لەسەری ئیش بکات دەتوانێ دژی ئەم ئەجێندا ئیمپریالیستیە بوەستێتەوە. ئەگەر وا سەیری پرۆژی ئەمەریکی بکەین کە گوتارێکی پێیە کە گوتاری خاوەن هەیمەنەیە (HEGEMONIC DISCOURSE) ئەوا لەئیسلامدا هەم ئەگەری گوتاری نەیار هەیەو هەم ئەگەری گوتاری بەدیل (ALTERNATIVE DISCOURSE) بەواتایەکی تر، ئیسلام وەك کانونێکی فەرهەنگی هەم ئەگەری ئەوەی پێیە کە نەیاری ئەو پرۆژەیە بێت بەمانای ئەوەی پرسیارو ماناو بەهای ئەوتۆ لەبەردەم ئەو پرۆژەیەدا قووت بکاتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی ئەم پرۆژەیە لەپرۆژەیەکی بێ ئیشکالیەتەوە ببێتە پرۆژەیەکی پڕ لەئیشکالیەت وەهەم ئەگەری ئەوەی تێدایە کە بەدیلێك لەبەردەم ئەو پرۆژەیەدا قووت بکاتەوە. چ نەیاربوون و چ دروست کردنی بەدیل ئێستا لەحاڵەتی بوون بەهێزدان نەك بوون بەفیعل (واتە ئەگەرەکان هەن، بەلام نەبوونی ئەو هێزانەی کە ئەم ئەگەرانە عەمەلی بکەنەوە ئەو ڕاستیەیە کە ئەمڕۆ لەدنیای ئیسلامدا دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین).

ئەم ئیمپراتۆریەتەی کە ئەمڕۆ هەیە ئاینی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی وەکو ڕێگرێك لەبەردەم خۆیدا دەبینێت، دیارە نەك لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی بەڵکو لەسەر ئاستی بەهایی، فیکری، واتە بینینی ئیسلام وەکو کانوونێکی فەرهەنگی کە دیدوبۆچوونی جیاوازی هەیە بەرامبەر بوون.

هەروەها لەیادمان بێت کە لەناو ئیسلامدا خەونی ئەوەی کە ئیسلام بەجیهاندا پەخش ببێتەوە وەکو ئاینێکی گەردونی خەونێکی زیندووە، ئەمڕۆ لەجیهاندا ئاینی ئیسلام خێراترین ئاینە لەگەشەسەندندا تەنیا لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لەئەمەریکا سی هەزار (٣٠،٠٠٠) کەس بوون بەموسوڵمان.

ئەم هێزە ئیمپریالیستە لەئیسلامدا تۆوی بەرەنگاری بوونەوە دەبینێتەوە بەرامبەر پرۆژەی هەیمەنە کردنی جیهان دەبێ لەیادمان بێت دژایەتی‌یەکە دژایەتی ئەو کانونە فەرهەنگیەیە.

ئیسلام لەسەر هەڵدانیەوە وەکو ئاینێك و دواجاریش گۆڕینی ئەم ئاینە بۆ پرۆژەیەکی شارستانێتی کانونێکی فەرهەنگی هەیە لەناو ئەم کانوونەدا میراتێکی فیکری دەوڵەمەند هەیەو گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر عەدالەت و چۆنیەتی ڕێکخستنی جیهان هەیە. ئەم شارستانیەتە ئیسلامیە شارستانیەتێکی هۆرزێنتاڵ (ئاسۆیی) نیە بەڵکو شاقوڵییە واتە پەیوەندی بەموتڵەقەوە هەیەو ئاینی ئیسلام ئاینی تەوازنە (EQULIBURIUM) تەوازن لەنێو هەموورەهەندە ڕۆحی و دنیاییەکانی ژیانی ئینسان، تەوازن لەسەر ئاستی ژینگە، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

وێرای هەموو ئەو هێزانەی ئەمڕۆ لەئیسلامدا ئیش دەکەن، وێڕای ئەوەی ئاستی ئیسلام چۆنە، وێرای ئەوەی وڵاتە ئیسلامیەکان بەچ قەیرانێکدا تێپەڕ دەبن، ئەم کانوونە فەرهەنگی‌یە خۆی خەلفیەکەیە کە توراسێکی گرنگی بەشەریەتەو هەمیشە کۆمەڵێ ئەگەری پێیە کە ئەگەر هێزێکی فیکری و سیاسی بێتە پێش ئەم ئەگەرانە بخاتە گەڕ دەتوانێ ڕێ لەو هێزە ئیمپرایالیستیە بگرێت. ئەم هێزە ئەمەریکییە ئیمپریالیستیەش کە دەیەوێت هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت لەم حەقیقەتە تێگەیشتووە کە لەنێو ئەم کانوونە فەرهەنگیەدا ئەگەری بەرەنگاری بوونەوە هەیە بۆ نموونە حسی عەدالەت لەناو فیکری ئیسلامدا ریشەیەکی ترانسدنتاڵی واتە متعالی و ریشەیەکی فەلسەفی هەیە کە هەموو لەحزەیەك دەکرێ زیندوو بکرێتەوە. ئەگەرچی لەناو هەندێ ترادیشنی تریشدا ئەم بوعدە واتە حسی عەدالەت هەیە، بەلام بەڕادەی ناو ئیسلام بەهێز نیە لەبەر ئەوە لەناو ئیسلامدا ئەگەری ئەوە زیاترە کە هێزێك بێت و ئەو ئەگەرە تەرجومە بکات بۆ واقیع، لێرەوە دژایەتی کردنی ئیسلام لەڕاستیدا دژایەتی کردنی ئەو

ئەگەرانەیە کە لەداخلی ئەو کە لەپوورەدا هەیەو کە دەکرێت ئەو ئەگەرانـە جـارێکی دی پرۆژەیـەکی شارسـتانی پـێ بێت کە بەدڵنیاییـەوە نـاگونجێت لەگـەڵ ئـەو هـێزەی ئـەمرۆ دەیـەوێت هەیمەنـەی جیـهان بکـات بەپێچەوانـەی ئـەو بۆچوونە گەمژەییانەی کە ڕۆژانە باس لەوە دەکات کە ئەو هێزە ئەمەریکییە دژایەتی دواکەوتوویی ئیسـلام دەکـات. لەجیاتی ئەوەی جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکرێت، ئەمرۆ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری ئەپۆلۆجیست (عوزر خوایـی هێنـەرەوە) لەناو دنیای ئیسلامدا بەچۆکدا هـاتوون لەبـەردەم ئـەم هـێزە ئیمپریالیسـتیەداو پاکانـە دەکـەن بـەوەی کـە ئیسـلام شارستانیەو بەربەری نیە وەکـو ئـەوەی ئـاینێك هـەبێت بەربـەری بێـت یـاخود وەك ئـەوەی کـە مۆدێرنتـی نەیـەوێت جارێکی تر بەشەریەت بەربەری بکاتەوە کە بەباوەڕی من مۆدێرنتی ئەم کارە دەکات.

یەکێك لەڕەهەندەکانی تری ئەم مەسەلەیە کە پێویستە سەرەنجی بدەینێ ئەوەیە کـە ئـەم هـێزە ئیمپریالیسـتیە لەڕەهـەندی متعـالی دەدات لـەژیانی ئینسـانەکانداو ئینسـان کـورت دەکاتـەوە بـۆ یـەك ڕەهـەند ئـەویش کردنیـەتی بەبوونـەوەرێکی ئیقتصـادیو لێدانـە لەهـەموو ڕەهـەندە روحانیـەکانو هێشـتنەوەی تەنـها رەهـەندی حسـی (SENSEVAL). سەرمایەداری پێویستی بەئینسانی ڕۆحـانی نیـەو بـۆ ئـەوەی سـەرمایەداری پایـەداربێت پێویسـتی بەئینسانی حسی هەیە واتە ئەو ئینسانەی کە تەنها بۆ ئەم چرکەساتە دەژیو کاریش بۆ ئـەم چرکـە سـاتە دەکـاتو لەپێناو ئـارەزووە چرکەسـاتیەکانو ئـارەزووە جەسـەدییەکاندا دەژیو سـەرمایەداریش ئـارەزووی تـری بـۆ دروسـت دەکات. ئارەزووەکان دەبێ تێر بکرێنو بۆ ئەوەی ئارەزووەکان تێر بکرێن دەبێ ئیش بکرێت ئەمە ئەو دەوامەیە کـە من ناوی دەنێم بەبەربەری کردنەوە (REBARBAIZATION) واتە کردنەوەی ئینسان بەبەربەریو کوشتنی موتڵـەقو حەقیقـەتو خـودا. بیهێننـە بـەرچاو سـەرمایەداری چـۆن دەتوانـێ لەناوچەیـەکدا بـژی کـە ئینسـانەکانی رەهـەندی مەتەعالیان هەبێتو بەشی ئەوە ئیش بکەن کە بتوانن ژیانی ڕۆحیشیان مسۆگەر بکەن، لێرەوە لێدان لەئیسـلام، کـە ڕۆحانیەت یەکێکە لەڕەهەندە گرنگەگانی، لێدانە لەهەموو ئەو ئەگەرانەی کە ڕۆژێـك هـێزێك بێـتو ئـەم رەهەندانـەی زینـدوو بکاتـەوە کـە بـەباوەڕی مـن ئـەمرۆ لـەدنیای ئیسـلامدا ئـەو هـێزە نیـە، بـەڵام ئینسـانی سـادەی موسـوڵمان بەشێوەیەك لەشێوەکانو تا ئەو جێگەیەی قودرەتی هەیە توانیویەتی ئەم ڕەهەندە بپارێزێت، ئەوەی کە چەندە مانا ڕوحانیەکانی لەدەستداوە شوێنی گفتوگۆیە.

ئەوەی کە جێگای داخە ئەوەیە کە "ڕۆشنبیران" ئـەم راسـتیە نـابینو هـەموو ئـەم راسـتیانە فـڕێ دەداتـە نـاو خانەی رەجعی بوونو دواکـەوتویی شارسـتانی، ئـەم کەسـانەش بـێ ئاگـاترین کەسـن لەشارسـتانیەتی خۆرئـاواییو لەپرۆژەی مۆدێرنەتی وەکو ئەوەی ئەو قۆناغـەی پێـی دەگوترێـت ڕۆشـنگەری ئیشـکالیەتی تیـا نـەبێتو ئـەوە ئـەو پرۆژەیە بێـت کـە بەهۆیـەوە ئینسـانەکان عـەقلانی ببنـەوە. ڕۆشـنگەری لەڕاسـتیدا تاریکـترین چرکەسـاتی مێـژووی بەشــەرییە، مۆتــۆڕی ئــەم پرۆژەیــە جیاکردنــەوەی عەقڵــە لەعـــەقڵی فـــەعال (INTELLECT) کـــە رەهـــەندە ترانسدینتاڵەکەی عەقڵە. ئەم پـرۆژەی ڕۆشـنگەرییە تـا سـەر ئێسـقان ئیشـکالیەتی هەیـە بۆیـە دەبـێ جـارێکی تـرو لەدیدێکی جیاوازەوە ئەم پرۆسەیە هەڵبسەنگێنینەوەو پرسـیار بکـەین کـە ئـەو عەقڵانیەتـە چیـە کـە ئـەم پرۆژەیـە دەیهێنێ؟ ئەم پرۆژەیـە خـۆی بەرمـەبنای چ عەقڵانیەتێکـە؟ بێگومـان بەرمـەبنای عەقڵانیەتێکـە کـە خـۆی شـوێنی ئشکالیەتە، ئەم پرۆژەیە بانگەواز بۆ عەقڵێك دەکات کە (INSTRUMENTAL)ە واتە ئامڕازیە، ئەم عەقڵـە ڕەهـەندە موتەعالییەکەی (TRANSCENDENTAL) لێبۆتەوە کە عەقڵیش ئـەو ڕەهـەندەی لێ بووەوە دەبێـت بـەئامێرێك بـۆ کۆنترۆڵ کردنـی سروشـتو خـودی پـرۆژەی ڕۆشـنگەریو سـەر لەبـەر مۆدێرنتـی هیـچ نیـە جگـە لـەکۆنترۆڵ کردنـی

سروشتو لەوانەش سروشتی ئینسان. کەواتە قسەکردن لەسەر ئەوەی پرۆژەیەك هەبێت بەناوی رۆشنگەریو دوا پرۆژەیەك بێت کە بەشەریەت لەسەری رێکەوتبێت خۆی ئیشکالیەتەو تێنەگەیشتنە، هەموو ئەوانەشی کە بانگەواز بۆ ئەو بەها خۆرئاواییانە دەکەن هەموو ئەو کەسانە کە خۆرئاوایان نەخوێندۆتەوەو کەسێکیان تێکستە گرنگەکانی خۆرئاوایان هەر لەکلاسیکی یۆنانەوە هەتاکو ئەمڕۆ نەخوێندۆتەوەو بۆ نموونە کەسێك نیە دانیشتبێت دراسەیەکی قوڵی "لیڤیاپەثانی" هۆبزی کردبێت، یان "میری" مایکاڤیللی، یان "دیسکۆرس دەربارەی میثود"ی دیکارت، یان مەشروعە نەقدیەکەی کانت کە لێدانە لەمیتافیزیقاو کوشتنی ڕەهەندی ترانسدنتاڵ (موتەعالی). ئەم تێکستانەن کە پێمان دەڵێن ئەمڕۆ چی دەگوزەرێتو سەرەتای پرۆژەی مۆدێرنتی لەم تێکستانەوە دێن پرۆژەی مۆدێرنتی لێدانە لەڕەهەندی شاقوڵی شارستانیەتو ئەمەی کە هەیە شارستانیەتیەکی ئاسۆییە کە تیایدا ئینسان کورت دەکرێتەوە بۆ بوونەوەرێکی ئیقتصادی واتە کەسێك لەبازاڕدا ئیش دەکاتو خۆی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی برێك پارە بەدەست بهێنێ کە بەشێکی لەتەفریحدا بەکار دەهێنێ (ENTERTAINMENT) ئەم ئینسانە سەنتەری نیەو تەنها بۆ ئیحساسو لەزەتەکانی رۆژانەی دەژی ئەمەش بریتیە لەکردنەوەی ئینسان بەئاژەڵ (ANIMALIZATION). کەواتە ڕەهەندێکی ئەم جەنگەی ئەمەریکا لێدانە لەم رەهەندە شاقوڵییەی ئیسلام کە تیایدا ئەگەری ئەوەی تیایە دژ بەم پرۆژەیە بووەستێتەوە. ئەم جەنگە جەنگێکە دژی ئیسلام نەك بەمانای دژایەتی کردنی دەستەلاتی ئیسلامی لەوڵاتە بەناو ئیسلامیەکاندا وەك حوکامی سعودیە نە بەپێچەوانەوە تا ئەو شوێنەی ئەم دەستەلاتە ئیسلامیانە کە تا ئێستا پەیوەندیەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکاو هێزە ئەوروپیەکاندا هیچ جێی ئیشکالییەت نیە بۆ ئەمەریکا چونکە ئەم حوکامانە جگە لەدومیەی ئەمەریکا هیچی دیکە نین بەڵکو ئەم هێزە ئیمپریالیستیەیە دژایەتی ئەو کانوونە فەرهەنگیە دەکات لەئیسلامدا کە ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ، کە بەداخەوە ئەمڕۆ هێزێك هەیە لەناو دنیای ئیسلامدا خۆی لەم کانوونە فەرهەنگیە دەدات، هێزێك رۆژێك پەیدا ببێت کە ئەگەری ئەوەی پێ بێت پارادیمێكو بیرکردنەوەیەكو مۆدێلێکی تری پێ بێت کە دژایەتی ئەم پرۆژە ئیمپریالیستیەیە بکات، کە لەسەر ئاستی ئابووریو زانستیو فکری پرۆژەیەکە بۆ پیادەکردنی جۆرێك لەشارستانیەت کە تەنها ڕەهەندی ئاسۆیی هەیە. من کە بەچەند زمانێك دەخوێنمەوە دەڵێم بەداخەوە ئەم راستیە نەبووە بەجێگەی گفتوگۆ لەنێوان رۆشنبیراندا چونکە "رۆشنبیر" نە دەتوانێ وە نەدەیەوێت لەم ڕەهەندانە تێ بگات، یەکێك لەکێشەکانی مۆدێرنتی ئەوەیە کە ئەم مەخولەقەی دروست کردووە کە پێی دەگوترێت رۆشنبیر. لێرەدا بەپێویسی دەزانم کەمێك لەسەر ماهیەتی ئەم مەخلوقە رابوەستم.

بەڕای ئەم رۆشنبیرانە ئیسلام پڕی مۆدێرنە (PRE-MODRM)و شارستانیەتی رۆژئاوایی مۆدێرنە بەمانایەکی تر ئیسلام دواکەوتووەو خۆرئاوا پێشکەوتووە واتە وەرگرتنی یەکێك لەبەهاکانی مۆدێرنتی کە بریتیە لەفکرەی پێشکەوتن (PROGRESS) کە جەوهەری ئەم فکرەیەش قسە لەلەدایك بوونی مێژووە (HISTORICISM)دەکات. ئەوانەی دەیانەوێت بەم دیدەوە قسە بکەن نە هەدەفیان پێکاوەو نەخۆشیان دەزانن باس لەچی دەکەن، چونکە مەسەلەکە لەنێوان دواکەوتوویی و پێشکەوتوویدا نیە بەڵکو شەڕەکە لەنێوان پرۆژەیەکی ئاسۆیی (HORIZENTAL)و شارستانیەتێکی متعالی (TRANSCENDENTAL) دایە، لەنێوان دیدێکدایە کە دەیەوێت ئینسان بکات بەبوونەوەرێکی ئیحساساتی کە تەنها بۆ ئەم دەقیقەیە دەژی (هەر ئەمەشە دروشمی ئازادی سێکسی) وە شارستانیەتێکدا کە تیایدا ئینسان خەلیفەی خودایە لەسەر زەویو سەنتەری ئینسان لەپەیوەندیدا دەبینێتەوە لەگەڵ هێزێکی موتەعالی. کەواتە ئەم ڕەهەندە موتەعالیە لەئیسلامدا بمانەوێت یان نەمانەوێت لەگەڵ پرۆژەی

کاپیتالیزمدا یەك ناگرێتەوە چونکە کاپیتالیزم پێویستی بەئینسانێك هەیە کە بۆچوونێکی تەختی هەبێ واتە سەیری ئاسمان نەکات بەڵکو تەنها سەیری ئاسۆ بکات، ئەم نیزامە ئینسانێکی پێویستە کە هیچ ڕەهەندی رۆحی نەبێت. ئەم شەڕەی ئیسلامیش شەڕ نیە لەگەڵ خۆرئاوا بەڵکو شەڕە لەگەڵ ئەو بۆچوونە تەختەدا کە ڕەهەندی ڕۆحانی لەدەست داوەو تیایدا ئینسان بوونەوەرێکی ئیقتصادییەو باووباپیریشی مەیمونەو ئایندەشی مەعلوم نیە، مادامێك نە لەڕابردووداو نە لەداهاتوودا خودا نیە دەبێ ئینسان بۆ ئەم ساتە بژیو دوای ئیش کردنێکی زۆر دوای نیوەڕوان هەناسەیەك لەبەردەم تەلەفزیۆنەکاندا هەڵبکێشێتو تفریح بکرێت هەر لێرەشەوەیە کە مەسیحیەت بەشێوەیەك لەشێوەکان دژی مۆدێرنتیە دەوەستێتەوەو لەگەڵیدا نیە. کەواتە شتێك نیە بەناوی رۆژئاواییو مەسیحی لەیەك کاتدا بەڵکو پرۆژەیەك هەیە لەخۆرئاوادا کە خۆی لێدانە لەمەسیحیەتیش خۆ ئەگەر ئەمرۆی خۆرئاوا مەسیحی بوایە بەو مانایەی ڕەهەندە موتەعالییەکەی بمایە ئیسلام کێشەی نەدەبوو لەگەڵیدا، بەڵام نەخێر پرۆژەی مۆدێرنتی کە سەرهەڵدەدات لێدانە لەڕەهەندە موقەدەسەکانو خۆی شەڕێکە لەگەڵ موقەدەسدا.

بۆ ئەوەی ئێمە لەم گفتوگۆیە تێ بگەین دەبێ پرۆژەی مۆدێرنتی بخوێنینەوە کە بەداخەوە ئەمە ئەو شتەیە کە "رۆشنبیران" نەیانکردووە لەدنیای عەرەبدا کە زۆرتر ئێمەی کورد موتەئەسیرین بەعەرەب دەبێ ئەوە بڵێم کە لەم گەمەیە تورکیا دەبێت بەتەواوی بکەینە دەرەوە، چونکە لەسەرەتاوە کەمالیزم دێتو ئەم گفتوگۆیانە کۆتایی پێ دەهێنێو کۆمەڵێك جەنراڵ بڕیار دەدەن کە دەبێ تورکیا مۆدێرن بێت بەو شێوەیەی جەنراڵەکان دەیانەوێت، بەڵام لەدنیای عەرەبدا موناقەشاتێك کراوە لەسەر مۆدێرنتی، بەڵام بەئاراستەی هەڵەداو بەرمەبنای پرسیاری یان هەڵە یان زۆڵ. بۆ نموونە کاتێك کەسێك دێتو لەپرۆسەی بەعیلمانی کردندا (SECULARIZATION) کە پایەیەکی سەرەکی مۆدێرنتیە تەنیاجیاکردنەوەی دەوڵەت لەکەنیسە دەبینێتەوە ئەوە ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە چونکە بەعیلمانی کردن هەموو بوارو ڕەهەندەکانی ژیانو بوونی ئینسانو کۆمەڵگای گرتۆتەوەو وەکو سەرەتان بەناو گشت ڕەهەندەکاندا رۆچۆتە خوارێ، یان نمونەیەکی دی کاتێك کەسێك دێتو لەمۆدێرنتیدا ئازادی ئینسان دەبینێتەوەو ڕەهەندێکی قووڵو زاڵی تری مۆدێرنتی لەبەرچاو ناگرێت کە ئەویش بریتیە لەهەندەسەی کۆمەڵایەتی واتە کۆنترۆڵ کردنو دیسپلین کردنی ئینسانو سەیرکردنی ئینسان وەك پارچە هەویرێك کە چیت بوێت لێی دروست دەکەیت، ئەو ئازادییەی کە مۆدێرنتی دەیهێنێت هیچ نیە جگە لەکۆیلایەتیو ئامانجیشی دروست کردنی کۆیلە بەختەوەرەکانە ئەو گفتوگۆیانەی وا سەیری مۆدێرنتیان کردووە کە بریتی بێت لەساتێکی پێشکەوتنی بەشەریەت وە ئیسلام هیچ چارێکی نیەو دەبێ لەگەڵ مۆدێرنتیدا بڕوات. ئەم شێوازە لەگفتوگۆ تێنەگەیشتنو خۆلادانە لەگفتوگۆیەکی جدی تر کە دەبێت بکرێتو لەپێش هەموویانەوە ئەو پرسیارەی کە مۆدێرنەتی چیە؟ بۆ ئەوەی ئەمە بکەین وەك لەپێشەوە ئاماژەم پێدا کۆمەڵێك تێکستی گرنگ هەیە دەبێ بیانخوێنینەوەو دەبێ فەلسەفە بخوێنینەوەو مەبەستیشم لەفەلسەفە ئەوە نیە کە دەبێ فۆکۆ یان دێریدا بخوێنینەوە چونکە چ فۆکۆو چ دێریداو چ پۆست ستراکچراڵیستەکانی تریش لەبنەڕەتەوە بەشێکن لەئیشکالیەتەکە، ئەمانەو کۆمەڵێ باڵی دی "فەلسەفی" مانیفێستی قەیرانێکی قووڵن کە بەئەستەم دەتوانین پێیان بڵێین فەلسەفەو خۆیان هەوڵێکن بۆ دژایەتی کردنی فەلسەفە. کەواتە بۆ ئەوەی ئێمە بەرەنگاری مۆدێرنتی ببینەوە پاش خوێندنەوەی تێکستە گرنگەکانی کە لەسەرەتای پرۆژەی مۆدێرنتی نووسراون پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو تێکستە فەلسەفییانەی کە تیایاندا هێشتا فەلسەفە سەنتەری خۆی لەدەست نەداوە، فەلسەفە ئیحترامی خۆی گرتووە، فەلسەفە بەدوای حەقیقەتدا گەڕاوە، وە لەهەمووی گرنگتر فەلسەفە ڕەهەندە

موتەعالی (TRANSEDENTAL)ەکەی لەدەست نەداوە. لێرەوە خوێندنەوەی کەسێکی وەکو دێریدا کە لەبنەڕەتەوە باوەڕی بەحەقیقەت نیە جگە لەئاسنی سارد کوتان هیچی تر نیە، دێریدا بەپلەی ئیمتیاز دژی فەلسەفەیەو هەر بەپلەی ئیمتیاز عەدەمیە. کەواتە نە فۆکۆ، نە دێریدا، نە بۆدیلیار، نە لیوتارد ئەمانە هیچیان کۆمەکی ئێمە ناکەن. ئەو شەپۆلە فەلسەفەییانەی کە ئەمڕۆ لەگەڕدان جگە لەموناقەشەی کۆمەڵێك کەرو لێدان لەحورمەتی فەلسەفە هیچی دی نین وەکو پۆسەتیڤیزم (کە ئەسڵی بەلاکەیە) یان فەلسەفەی ئەنالێتیکی (الفلسفة التحليلية)یان پۆست مۆدێرنیزم. پۆست مۆدێرنیزم سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی لەمۆدێرنتی دەگرێت خۆی بەشێکە لەپرۆژەی مۆدێرنتی ئەمەش چونکە پۆست مۆدێرنیزم خۆی بەرمەبنای حەقیقەتو بەرمەبنای پرۆژەیەکی گەورەتر نیەو خۆشی لێدانی لەموقەدەس کەواتە پۆست مۆدێرنیزم تەواوکەری مۆدێرنتیـیە، ئەمە جگە لەوەی کە پۆست مۆدێرنیزم لەدواجاردا دروست کردنی ئاژاوەیەکە کە تیایدا هەموو شتێك ڕەوایە واتە ئەمیش لەدواجاردا یەکێکە لەمانیفێستی عەدەمیەتی مۆدێرنتی، باواز لەپۆست مۆدێرنیزم بهێنین چونکە ئەم بابەتە پێویستی بەقسەی زیاتر هەیە کە لێرەدا بوارمان نیە. ئەم قسانە هەموو لەوێوە هاتن کە بۆ ئەوەی ئێمە تێ بگەین کە چۆن ئەم جەنگە یەکێك لەڕەهەندەکانی جەنگێکە دژی ئیسلام دەبێ لەمۆدێرنتی تێ بگەین، بەڵام مەبەستمە لێرەدا بڵێم ئەگەر ئێمە گەڕانێکی (RESEARCH) گەورە نەکەینو کۆمەڵێك کەس نەدۆزینەوە کە لەختابی عامدا ناویان نایەت باقیەکەی هیچ کۆمەکمان ناکات بۆ تێگەیشتن لەمۆدێرنتی لێرەوە دەبێ بگەڕێینەوە وە بۆ ئەو ساتانەی کە تیایدا فەلسەفەڕێزی خۆی گرتووەو وەك پرۆژەیەکی ئیسۆتریزم (ESOTERISM) ئیشی لەسەر کراوەو دیموکراتە سایز (بەدیموکراتی) نەکراوە واتە فەلسەفە هێشتا نەبووە بەمەیدانێك کە هەموو کەس بتوانێ بەبێ شارەزاییەکی قووڵ قسەی لەسەر بکات کەواتە لێرەدا پێویستە بڵێم یەکێك لەخەتەرەکانی مۆدێرنتی بەدیموکراتی کردنی هەموو بوارەکانی مەعریفەیە کە ئیتر لێرەدا مەعریفە کۆتایی پێ دێت. کەواتە کە ووتمان یەکێك لەڕەهەندەکانی ئەم جەنگە دژی ئیسلامە لەبەر ئەو ئەگەرانەی کە ئیسلام لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە وەکو کانونێك کە دژی بەدیموکراتی کردن بووەستێتەوەو دژ بەلێدان لەڕەهەندە موقەدەسەکەی مەعریفە بوەستێتەوە بۆ نمونە یەکێك لەو رەهەندانەی کە ئەو کانوونە ئیسلامیە دەتوانێ پێمان بڵێ ئەو بەلایەیە کە ئەمڕۆ بەسەر مەعریفەدا هاتووە. بەهۆی لێدان لەڕەهەندە موقەدەسەکەی مەعریفە ئەمڕۆ شتێك دروست بووە بەناوی زانستە کۆمەلایەتیەکان (SOCIEL SCIENSES) کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە کۆمەڵێك فەیلەسوف پێیان گوتین کە ئەمە خەتەرێکی گەورەیە ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین لەناو زانکۆکاندا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبەشی زانستە کۆمەلایەتیەو هیومانیستیەکاندا دەکرێن بەناوی مەعریفەوە کە بریتیە لەڕیزکردنی کۆمەڵێك هێڵکاری، هێنانی چەند ئامارێك، کۆکردنەوەی چەند داتایەك (معطيات)، ریزکردنی بەرئەنجامی هەمەپرسیەکو دارشتنەوەی ئەمانە لەپەخشانێکدا کە لەدواجاردا پێی دەوترێت ئەتروحەی ماجستەر یان دکتۆرا بۆ نمونە ناونیشانی وەکو: بەراوردکردنی هەڵبژاردن لەزمبابۆیىو هەڵبژاردن لەسوید مامەڵەی ئافرەتی پەناهەندە لەگەڵ بارودۆخی نوێی کۆمەڵگای ئینگلیزیدا لەئینگلستان، خەتەنەکردنی ئافرەت لەسۆماڵ، کۆچی کورد بۆ ئەوروپا، بەراوردکردنی هەڵوێستی دایکانو باوکان لەگەڵ منداڵدا لەچەند کۆمەڵگایەکدا، کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵو.. هتد لەو ماوەیەی پێشوودا چاوپێکەوتنێکم لەپاشکۆی کوردستانی نوێ ٢٠٠٢/٣/٥ خوێندەوە کە لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدیندا کرابوو لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە زانکۆکان ئیشیان چیە؟ دەڵێ زانکۆکانی ئێمە هیچمان نەکردووە بۆ نموونە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی نیە لەسەر ژنی قەیرە، ئەم بەڕێزە دەیەوێت زانکۆکانی ئێمە لەجیاتی

قسەکردن لەسەر زانست، فەلسەفە، ئەو میراتە دەوڵەمەندە فیکرییانەی کۆمەڵێ ترادیسۆن بەرهەمیان هێناوە، ئەو هەموو گفتوگۆیانەی نێوان فەلسەفەو زانست، هەموو ئەو تیۆرییە زانستیانەی کە بەهەموو شێوەیەك کاریگەریان هەیە لەسەر جیهانبینی ئینسانی مۆدێرن وەلاوە بنرێنو زانکۆکانی ئێمە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی چەشنی ژنی قەیرە بکەن. ئەم بەڕێزە کە سیانزە ساڵ لەخۆرئاوابوە جا لەزانکۆکاندا خوێندویەتی یان نا ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەم بۆچوونەی کوتو مت لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونە پۆزەتیڤستەیە کە لەو کۆمەڵگایەی ئەو تیایدا ژیاوە باڵادەستە، ئەم زاتە لەنێوەندێکدا ئەم قسەیە دەکات کە یەك کتێبی فەلسەفی بەرهەم نەهێناوە، وەرنەگێڕاوە، ئاگای لەزانست نیە، لەفیکری بەشەری نیە، ئێستا ئەو زاتە دەیەوێت کە هەموو بوارە گرنگەکانو پرسیارە مەعریفیەکان وەلا بنێینو پسپۆڕێك دروست بکەین بەم ناونیشانە "پسپۆڕ لەبواری ژنی قەیرەدا".

کەواتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشەی ئەمڕۆ هەیە لەلایەن ئیمپریالیستی ئەمەریکیەوە پێویستمان بەکێ هەیە؟ ناونانی ئیسلام بەدواکەوتوو لەلایەن کۆمەڵێك "رۆشنبیرەوە" کۆمەکمان ناکات کە خۆیان ئیسلامیان نەخوێندۆتەوەو خەڵکی سادەش گەرچی رێزێکی قووڵیان بۆ ئەو ئاینە هەیە، بەڵام خەڵکی سادە ناتوانێ بەم کارە فکرییە گەورانە هەڵبستێت، لێرەوە خەڵکێکی تر دەبێ بەم کارە هەڵبستێت کە پێش هەموو شت ڕای بگەیەنێت کە رۆشنبیر نیە بۆ ئەوەی خۆی جیابکاتەوە لەوانەی بەخۆیان دەڵێن رۆششنبیر واتە ئەم پرۆژەیە خەڵکێکی پێویستە کە خوێندەواربێتو بەمانای ترادیشن بیرکەرەوە بێتو مەبەستمان لەبیرکەرەوە بەمانای ترادیشن ئەو کەسەیە بەرپرسیاربووە، لەهەر شتێك کە گوتویەتی، لەبەردەم کۆمەڵێك هێزداو سەر بەکۆمۆنتیەکی دیاری کراو بووە، ئەم بیرکەرەوەیە هەستاوە بەخوێندنەوەی ئێکسۆتریکی (ظاهري–EXOTERIC)و خوێندنەوەی ئیسۆتریکی (باطني–ESOTERIC) ئەو تێکستانەی کاری لەسەر کردوونو هیچ کات بێ باکانە ئەو جومگانەی کە کۆمیونتی پێکەوە بەستۆتەوە نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە، لەم حاڵەتەدا بیریار، بۆ نموونە کەسێکی وەکو ئەفلاتون فێرمان دەکات چۆن مەلە بکەین لەدەریای مەعریفەدا بۆ گەیشتن بەقەراغەکانی رزگاربوون. ئەمە پێچەوانەی ئەو مەخلوقەی کە ناوی "رۆشنبیر"ی لەخۆی ناوە کە لەباشترین حاڵەتداو لەو کاتەشدا کە لەگەڵ خۆیو خەڵکیش راستگۆیە ناتوانێ لەوەی زیاتر ئاماژەمان بۆ بکات کە دەریا کە لەکوێیە چیتر بکات، ئەم "رۆشنبیرە" لەبەردەم هیچ هێزێکدا خۆی بەلێپرسراو نازانێتو ئینتیمای بۆ هیچ کۆمیونتیەك نیە. خۆشبەختانە ئەمڕۆ کەسانێك هەن کە کاریان بۆ ئەو پرۆژەیە کردووەو لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەیەکێك لەو بیریارانە بکەم کە (سەید حسێن ناصر)ە کە فەیلەسوفێکی گەورەی ئێرانە کە نەعەرەبو نە کوردو نە تورك نایناسن کە بۆ خۆی یەکێکە لەکارەساتەکان. ئەم بیریارە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا خەریکی کارکردنە لەم پرۆژەیەدا، کەواتە ئێمە پێویستمان بەکەسی وا هەیە چونکە ئەم رۆشنبیر نیە بەڵکو بیرکەرەوەیە.

*** بەڕای بەڕێزتان چۆنیەتی مامەڵەکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان لەپەیوەند بەم هێرشە یەك لەدوای یەكو بەردەوامانە بۆ سەر ئیسلام چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

– بەشێوەیەکی گشتی پاشاگەرانیەکی قووڵو بێ ئیرادەیيو تێ نەگەیشتنێکی بێ وێنەو ترسنۆکییەکی لەڕادەبەدەر لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا بەدی دەکەین بەرامبەر هێرشەکان بۆ سەر ئیسلام. ئەوەی کە ئەمڕۆ لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا دەیبینین بریتیە لەتێنەگەیشتن لەجەوهەری ئەم هێرشەو هەندێ کەس لەدنیای ئیسلامدا بوونەتە کەسانی ئەپۆلۆجیست (عوزرخوایی هێنەرەوە)و کەوتوونەتە ئەوەی کە پاکانە بۆ ئیسلام بهێنەوە کە چۆن ئیسلام

ئاینێکی خێراخواو ئاشتیخوازه لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام ئاینی جەنگاوەرانەو ئەمەش یەکێکە لەگەورەییەکانی ئەو ئاینە، بەم شێوازە تۆ ناتوانی بەرەنگاری ئەم هێرشە ببیتەوە، تۆ زەخیرەیەکی مەعریفی دەوڵەمەندو توراسێکی گەورەی فکریت لەپشتەکە دەبێ وات لێ بکات بەم دیدە ئەپۆلۆجیستە قسە نەکەیت بەتایبەت ئەگەر کەسێك لەئامانجەکانی ئەم هێرشە تێ بگات، ئەمڕۆ لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا هەوڵێکی ئەوتۆ نیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشەو هۆی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ستەمکاری خۆ ئەگەر بهاتایە لەجیاتی ئەم سیستەمە فاسدو ستەمکارانەی کە لەسەر ئەوە کار دەکەن کە ڕێگە نەدرێ بەئینسانی موسوڵمان سیستەمێك هەبوایە کە ڕێگەی بەبواری مەدەنی بدایە کە هاڵاتیان دەنگی خۆیان بگەیەننو گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەنو تەعبیر لەپێویستیو بۆچوونەکانی خۆیان بکەن دەکرا هەر ئەم بوارە مەدەنیە ببوایە بەهێزێك بۆ وڵاتە ئیسلامیەکانو ئێمەش دەبوایە بەشێوەیەکی تر قسە لەسەر دنیای ئیسلام بکەین، بەڵام لەغیابی ئەم بوارە مەدەنیەدا قسەکان ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرن.

ئەم ووڵاتانە خاوەنی هیچ پرۆژەیەك نین بەهۆی ئەو ریشە ستەمکارییەی بەدی دەکرێتو بەردەوامیش لەقووڵ بوونەوەدایەو فەساد لەدوای فەسادی لەنیزامەکانی ئەو ناوچەیەدا کە لەدواجاردا حاڵەتی سەرکوت بۆ ئینسانی موسوڵمان دروست دەبێ کە ناتوانێ تەعبیر لەویستەکانی خۆی بکات کە ئەمەش لەلایەن هەندێ هێزەوە بۆ لێدان لەوەی کە گوایە ئەمە جەوهەری ئیسلامە لەکاتێکدا ئێمە نازانین موسوڵمانەکان چۆن بیردەکەنەوە چونکە میدیا میدیای دەوڵەتەو دەوڵەت دەوڵەتێکی ستەمکارەو ئەوەی لەناو دەوڵەتدا حوکم دەکات گروپێکی فاسدن لەبەر ئەوە ئەو مامەڵەکردنە تا ئێستا بەناوی ئیسلامەوە بوبێت یان بەناوی هەر هێزێکەوە بووبێت مامەڵەیەکە لەئاستی پێویستو لەئاستی ئەم هێرشەدا نیە کە ئێستا دەکرێتە سەر ئیسلام. ئەم دەستەڵاتە ستەمکارانە کۆمەڵێك ڕەهەندی ئەم هێرشە دەشارنەوەو پەردەی پیا دەدەن ئەو ڕەهەندە تۆخ دەکەنەوە کە مەترسی هەیە بۆ سەر دەستەو دائیرەی ئەو گروپەی کە دەستەڵاتی بەدەستەوەیە تا دەستەڵاتی خۆی بپارێزێت وە لەدواجاریشدا ئەم گروپانەی کە لەم ووڵاتانەدا حوکم دەکەن یەکەم بۆچوونێکی قوڵیان نیە بۆ ئەمڕۆی دنیا. دووەم، بۆ ئەو مەترسییانەی دنیای ئیسلام ڕووبەڕووی دەبێتەوە وە سێهەم بۆ خودی ئەم هێرشە هەر لەبەر ئەوەیە تەنها مامەڵەیەك کە دەیبینینەوە بریتیە لەتۆخ کردنەوەی ستەمکاریو بێ دەنگ کردنی هەموو دەنگێکی نەیار کە بیەوێت لەناوخۆدا سەر هەڵبدات.

لێرەوە بارودۆخێك هاتۆتە پێشەوە کە هیچ چارێك نیە جگە لەوەی بەووریای مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە کە پرسیار بکەین ئەو بوارانە چین کە دەبێ کاریان لەسەر بکرێتو لەسەروو هەموویانەوە خولقاندنی بوارێکی مەدەنیە کە ئینسانی موسوڵمان بتوانێ قسە بکاتو بۆچوونەکانی ئاڵوگۆڕ پێبکات، ئاگات لێبێت من باسی دیموکراسیەت ناکەم لەبەر ئەوەی قسەکردن لەبواری مەدەنی (PUBLIC) مانای قوڵتری هەیەو کۆنتریشە لەدیموکراسیەتو من خۆ کەسێکی دیموکرات نیم، بەڵام باوەڕی بەبواری مەدەنی هەیە پشت ئەستوور بەفەلسەفەی ئەفلاتونو ئەرستۆ، وە ئەم بوارە مەدەنیەش هیچ بۆنەیەك نیە کە بەبەهایەکی خۆرئاوایی لەقەڵەم بدەین چونکە ئەم بوارە لەنێو شارستانیەتی ئیسلامیدا وجودی هەبووە وە بەبارێکی تریشدا من هیچ هۆیەك نابینمەوە کە لەم بوارە بترسین بەڵام ئەم وڵاتە ئیسلامیانە گرنگی ئەم بوارە نابیننەوە وەکو هەلێك نایقۆزنەوە بۆ کۆمەڵێك ریفۆرمی سیاسی تەنها لەبەر ئەوەی ستەمکارن. لێرەوە دەبینین کە لەم ووڵاتانەدا یان ئەوەتا مامەڵەیەکی ئەپۆلۆجیتیکیانە یان

دیفاعی کوێرانە لەو هێزە ئیمپریالیستیە یـان تەسـلیم بوونـی ئـەم ئیرادەیەیـە وەکـو ئـەوەی لەپاکسـتان دەیبینـین، کەسێکی وەکو موشەرەف یان کارزای لەئەفغانستان یـان حسـنی مبـارك لەمیسـرو دەیـەهای تریـش هیـچ نـین جگـە لەدومیەیەکی دەستی ئەمەریکان‌و رازین بەم هێرشانەو ئەمەش دووبارە بۆ پاراسـتنی دەسـتەڵاتی سیاسـی خۆیانـە، بەڵام لەڕووی شارستانیەوە گورزێکی گەورە دەدەنو لەناوخۆشدا خەریکی ئەوەن کە زیـاتر لـەوەی کـە هەیـە بـواری مەدەنی بکوژن تاکو هیچ گفتوگۆیەك نەکرێتو لێرەوە ئینسانی موسوڵمان هێندەی تر سەرکوت دەبێ‌و لێرەوە پـەنا دەباتـە بـەرکاری تیرۆریسـتی بـۆ تـەعبیرکردن لـەبۆچوونی سیاسـی خۆیـان، کەواتـە دەرگاخسـتنە سـەر پشـت بـۆ گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەو ئەو سەرکوت کردنە پووچ دەکاتەوەو دواجاریش رێگەیەك دەبێ بۆ بـەرەنگاری بوونـەوەی ئەو هێرشانە. ئەم جۆرە لـەگفتوگۆو پرسـیارکردن لـەوەی کـە ئێمـە لـەچ بـارودۆخێکداین‌و بـارودۆخی جیـهان چـۆن هەڵبسەنگێنین‌و هەموو ئەو پرسیارانەی تر کە پێویستە بکرێن لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتـە ئیسـلامیەکان، گرنگی تایبەتییان هەیە ئەمە ئەو شتەیە کە تا ئێستا نەکراوە، کۆنگرەی ئیسلامیت هەیە، وڵاتـی ئیسـلامیت هەیـە، دەڵێن کە گوایە هێرش لەسەر ئیسلام هەیە یان بەیاننامەیەك دەردەچێت یان ئیدانەی هەڵوێسـتی ئیسـرائیل دەکـەن یان ئیدانەی هەڵوێستی فلان وڵاتو لەمە تێنەپەڕیووە هەمووی لەبەر ئەوەی ئـەو گروپـە فاسـدانەی حوکـم دەکـەن دەترسـن لـەوەی دەرگا بخەنـە سـەر پشـت بـۆ گروپـەکانی تـری کۆمـەڵگا کـە قسـە بکـەن. بەداخـەوە سـادەیی‌و ساویلکەییەکی بێ ڕادە لەم وڵاتانەدا هەیە لەپەیوەند بەم هێرشە بۆ سەر ئیسـلام‌و لەهەمووشـی ترسـناکتر ئەوەیـە کە دیدێکی سەرتاپاگیری نیە لەووڵاتە ئیسلامیەکاندا، هۆشیاری نیە بۆ گرنگی ئەمـە، دەبینـین وڵاتـە ئیسـلامیەکان لەنێوان خۆیاندا کێشەی گەورەیان هەیە کە ئەمەش وادەکات شوناسی بەئیسـلام بـوون جـارێکی تـر بچێتـەوە ژێـر پرسیار کە ئایا بەڕاستی ئێمە مامەڵە لەگەڵ دنیایەکدا دەکەین کـە پێـی بووترێـت دنیـای ئیسـلام؟ ئایـا ئـەم دنیـای ئیسـلامە یەکەیـەکی موتەجانسـە؟ ئـەم پرسـیارانە لـەکاتێکدا دەکـەین کـە دوو وڵاتـی موسـوڵمان نیـە لـەدنیادا پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت کە ئەمە خۆی ئیشکالیەتی گەورەمان بۆ دروست دەکات.

من لەسەر ئاستی شارستانیدا دەڵێم کانوونێکی فەرهەنگی ئیسلامی هەیە، بەڵام گەر ئیسـلامیش ئـەم پەیوەندیـە سیاسیانە بێت کە ئەمڕۆ لەنێوان وڵاتە ئیسلامیەکاندا هەیە وە ئەم نەبوونی هۆشیارییە بێت لەنێو موسـوڵمانەکاندا، ئەوەی کە لەهەندێ شوێنی دنیای ئیسلامیدا شەڕی تیرەگەرێتی هەیە لەنێوان تیرە ئیسـلامیەکاندا ئـەوە لەبنـەڕەتدا ئەو بۆچوونە دەچێتە ژێر پرسیارەوە کـە شـتێك هـەبێت بـەناوی دنیـای ئیسـلامەوە کـە ئەمـەش بـۆ خـۆی شـوێنی گفتوگۆیەو لێرەدا ناتوانین لەوە زیاتر قسەی لەسەر بکەین، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بەوە دەدەمـەوە کـە مامەڵـەکردنی وڵاتـە ئیسـلامیەکان لەبەرامبـەر ئـەم هێرشـەدا نـەك لەئاسـتی پێویسـتدا نیـە بـەڵکو لەئاستێکی زۆر نزمدایەو بۆنی مامەڵەیەکی عەقڵانی لێ نایەت.

*** هەڵوێستی بزوتنەوە ئیسـلامیەکان لەجیـهاندا بەرامبـەر ئـەم رووداوانـە چـۆ هەڵدەسـەنگێنیت بەتایـەت کـە وەکـو "تارگێتێکی" سەرەکی بۆ ئەم جەنگە دەست نیشان کراون؟**

– لەسەرەتادا با هەڵەیەکی فکری هەیە نەیکەین ئـەویش ئەوەیـە کـە بزوتنـەوە ئیسـلامیەکان سـەرجەم هـێزێکی هۆمۆجینیەس نین واتە یەکەیەکی موتەجانیس پێك ناهێنن، بەڵام وێرای ئەم سەرنجە فکرییەش بەشێوەیەکی گشتی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیانەی تا ئێستا هەن گورزێ لەدنیای ئیسلام‌و کانوونە فەرهەنگییەکـەی دەدەن کـە نـەك کـەمتر نیە لەخودی ئەم هێرشەی کە دەکرێتە سەر ئیسلام بەڵکو بەڕای من گورزی ئـەمان گـەورەترە چونکـە ئەمانـە لـەناو

ئیسلامەوە سەریان هەڵداوەو کاتێکیش هێرشێك بۆ سەر شارستانیەتێك دەکرێ ئەگەر لەناوەوە پتەو بێتو گشت ڕەهەندەکانی خۆی لەبەرچاو گرتبێتو کاریان پێ بکات ئەوا دەتوانێ لەبەردەم هێرشێکدا بووەستێت، بەڵام کاتێك شارستانیەتێك پرۆسەی کورتکردنەوەی (REDUCTIONICM) تیا ڕوو دەداتو هەموو ڕەهەندە روحیو عەقڵانیەکانی کورت دەکرێتەوە بۆ یەك ڕەهەند، کە لێرەدا مەبەستمان لەڕەهەندی شەریعەتە، ئەوە ئەو شارستانیەتە معرض (VUINERABLE) دەبێ بۆ ئەوەی بەئاسانی لێی بدرێت، ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە لەسەد ساڵی رابردوودا ئەم ئیشەیان کردووە.

بەشێوەیکی گشتی لەناو ئەم بزووتنەوانەدا عونسرێکی وەهابی زۆر زاڵە بەسەریاندا بەمەفهومی ئەوەی ئیسلام کورت دەکرێتەوە لەیەك ڕەهەنددا ئەویش شەریعەتە کە خۆی ئێمە دەتوانین لەسەر سێ ئاست لەسەر ئیسلام قسە بکەین بەواتایەکی تر ئیسلام سێ ڕەهەندی هەیە، شەریعەت، تەریقەت، بورهان کە ئەمەیان ڕەهەندێکی عەقڵی فەلسەفییەو تۆ لەهەریەك لەم ڕەهەندانە بدەیت بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندەکانی تر ئەوە تۆ لەئیسلامت داوە، ئەم بزووتنەوەئیسلامیانە بەشێوەیەکی گشتیو لەبنەڕەتدا تەرکیزی سەرەکییانو کارەکانیان لەسەرو لەبەرمەبنای شەریعەتەوەیە، ئەمانە بەقووڵی دژی تەریقەتن کە بریتیە لەڕەهەندە رۆحانییەکەی ئیسلام نیشانەی یەکەمی ئەم بزووتنەوانە بۆ لێدان بریتیە لەم ڕەهەندە رۆحییەو دووەم نیشانە بریتیە لەبورهان کە لێدان لێی لێدانە لەڕەهەندە فکریو عەقڵییەکەی ئیسلام. کەواتە ئەم بزووتنەوانە پێش ئەم هێرشەش لەناوەوە ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئیسلام لەیەك ڕەهەنددا کورت بکەنەوەو بەم کارەشیان ڕێگایان خۆش کردووە کە بتوانرێ بەئاسانی لەئیسلام بدرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە لەسەر ئاستی جیهانو دواتریش لەدنیای ئیسلامدا زادەی ساتە وەختێکی قەیراناوین کەواتە ئێمە پێش ئەوەی قسە لەسەر بینینی دەرەوە بۆ ئیسلام بکەین پێویستە ئەم ئیشکالیەتە لەناوەوە ببینین چونکە ئەم بزووتنەوانە بەشێوەیەکی گشتی لەپێش ئەم ڕوداوانەی دواییو بگرە لەسەر هەڵدانی (إخوان المسلمین)ەوە خۆیان ڕێگرن لەبەردەم لەدایك بوونی پرۆژەیەکی گەورەتردا کە پرۆژەی ڕێنیسانس بێتو بەرمەبنای میراتی فکری ئیسلام بێت کە لەڕێیەوە بتوانین ڕووبەڕووی پرۆژەکانی لەچەشنی مۆدێرنتی پێ ببینەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی پرۆژەیەکی واجدی لەدایك ببێت بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەدایك دەبن کە هیچ ناکەن جگە لەخوێندنەوەیەکی حەرفی تێکستە پیرۆزەکان کە لەبنەڕەتەوە تێنەگەیشتنە لەپەیامی ئیسلام، بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەبنەڕەتەوە بەرمەبنای پرسیاری لەچەشنی "بۆ ئێمەی موسوڵمان ئەمڕۆ کۆلۆنیەلایز کراوین؟" و "هۆی چیە رۆژێك شارستانیەتی ئیسلامی شارستانیەتێکی گەورە بووەو لەئیسپانیاوە کشاوە بۆ جەزیرەکانی ئەندەنوسیاو بۆ جنوبی ئاسیا، بەڵام ئەمڕۆ هیچ دەستەڵاتێکی سیاسی نیە؟" یان "هۆی چیە رۆژێك دنیای ئسلام سەنتەرێکی شارستانی گرنگ بووەو کۆمەڵێك بنکەی فکریو زانستی هەبووە ئەمڕۆ گروپێکی فاسد حوکمی دەکات؟" سەر هەڵدەدەن، بەڵام ئەم بزووتنەوانە هەم لەدەست نیشان کردنو هەم لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا دەکەونە هەڵەوە کەواتە تەنها گرێنتێك ئێمە بیدەین بەم بزوتنەوانە واتە لەکردنی پرسیارەکاندایە. ئەم بزوتنەوانە ڕێگەیان گرت لەلەدایك بوونی هێزێکی تر کە توانای ئەوەی هەبێت بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی ئیسلام دیدێکی رۆشنی هەبێت هەم لەدەست نیشان کردنو هەم لەچارەسەرکرنداو بتوانێ لەسەر ئاستێکی مەعریفی باڵاتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکاتو کار لەسەر پتەوکردنی بواری مەدەنی کە ئینسانی موسوڵمان بتوانێت ڕای خۆی هەبێتو ڕازی نەبێت بەوەی گروپێکی فاسد حوکمی بکات. لێرەوە لەناو ئەم بزوتنەوانەدا باڵێکی تر هەیە کە نەك

ئەو کارانە ناکاتو ڕێگە لەلەدایك بوونی هێزی لەو جۆرەشی دەگرێت بەڵکو هەنگاوێك لەمە زیاتر دەڕواتو بڕوای بەتیرۆرە بۆ یەك لاییکردنەوەی کێشەکانو ئەمەش بەناوی ئیسلامەوە دەکات کە خۆی تێنەگەیشتنێکی قووڵە لەڕەهەندە رۆحانیو فکرییەکانی ئیسلام یان لەژێر ناوی جیهاندا کە ئەمیش خۆی تێنەگەیشتنە لەمەفهومی جیهاد، کتێبێکی بچووکی ئیبن روشد هەیە باس لەجیهاد دەکات، لەو کتێبەدا ئیبن روشد باس لەوە دەکات کە جیهاد پرۆژەی کۆششی عەقڵیە، جیهاد چۆنیەتی بینینی دنیایە بینینێکی عەقلانی، جیهاد بریتیە لەکۆششێکی عەقڵیە کە فەرد پێی هەڵدەستێ واتە جیهاد مەفهومێکی عەقڵیەو دەبێ مامەڵەیەکی عەقلانی لەگەڵدا بکرێت، ئەم بۆچوونەی ئیبن روشد لەکوێو ئەم بۆچوونە ساویلکانەیە لەکوێ کە دنیات بۆ دابەش دەکات بەسەر دنیای خێرو شەڕو کوفرو ئیمانداو دواجاریش ئەو مافە بەخۆی دەدات کە کەسێك دەنگێکی جیاوازی لەبۆچوونەکانی ئەو بەرزکردەوە تیرۆری بکات؟ کەواتە ئەم بەشە توندڕەوەی ناو بزووتنەوە ئیسلامیەکان گورزی گەورە دەدەن لەهەر هەوڵێکی جدی کە لەدنیای ئیسلامدا بیەوێت لەدایك ببێت، ئەم باڵانە دەبێت دەستنیشان بکرێن دیارە لەلایەن ئینسانی موسوڵمان خۆیەو پێش ئەوەی هێزێکی وەك ئەمەریکا بێتو ئەم دەستنیشان کردنەمان بۆ بکات، ئەم دەستنیشان کردنە بەوە ناکرێت کە تۆ ئەم توندڕەوییە تەعمیم بکەیتو بەمە بڵێیت ئیسلامو شارسانیەتی ئیسلامیو دواجاریش دەکەوینە هەڵەیەکی مەنهەجیو فکری گەورەو بەدڵنیاییەوە بەهیچ شوێنێکت ناگەیەنێت چونکە یەك بلیۆن موسوڵمان هەیەو ئەگەر ئەو پرۆژەیەی تۆ هەتە لێدان بێ لەئاینی ئیسلام کە ئەو پێی قووت ناچێتو تۆی کە فڕێ دەدرێیتە پەراوێزەوە.

ئەمەش هەموو ئەو هەوڵە ئایدیۆلۆجییانە دەگرێتەوە کە لەسەد ساڵی رابردوودا بینیمان کە هەموو فڕێ درانە پەراوێزەوە کە یەکێك لەهۆکارەکانی لەدنیای ئیسلامدا پەیدا نەکردنی چەقێکە لەناو خودی ئیسلامدا کە بۆ ئەوەی قسەی لێوە بکات، لەپەراوێزیشدا جگە لەوەی بۆ خۆی سەرگەردانو سەرقاڵی کۆمەڵێك مەسەلەو گفتوگۆ دەبێت کە کەس گوێی لێ نیەو بگرە ناشیەوێت گوێی لێ بێت هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت. کەواتە پێش ئەوەی لەپەیوەند بەم هێرشەی کە دەکرێتە سەر ئیسلام قسە بکەین دەبێ ئەم بزووتنەوانە بخەینە بەرباسو خواست، بەڵام کەسێك دەتوانێ کە تێگەیشتبێت لەکوێوە قسە دەکاتو لەسەرچی قسە دەکات، ئەوەی تا ئێستا هەیە کە بەلێشاوو گوتار بڵاودەکرێتەوە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵك بەناوی "رۆشنبیر"ەوەو هەق بەخۆیان دەدەن ووشكو تەڕ پێکەوە بسوتێنن‌و ئەم جیاکردنەوانەی من لێرەدا هەوڵمداوە بیکەم ئەوان نایکەن، ئەمە گرنگترین ئەرکە کە کۆمەڵێك خەڵکی خاوەن ویژدانو خاوەن فکر ئیشی بۆ ئەو شارستانیەتە بکەن نەك بەمەسەتی لێدان لەموقەدەساتەکانی ئەو شارستانیەتەو نەك بەمەسەتی بەرزکردنەوەی دروشمی ئەوتۆ کە لەدواجاردا جگە لەمۆدەیەك هیچی تر نیە کە یەك لەدوای یەك دێنو دەڕۆن بەبێ ئەوەی هیچ کارێکمان کردبێت، بۆیە لێرەوە دووبارە جەخت دەکەمەوە سەر خستنە رووی کۆمەڵێ پرسیارو دەست کردن بەخوێندنەوەیەکی قووڵ هەم هی ئەو میرانە فەرهەنگییە ئیسلامییەی کە هەیەو هەم خوێندنەوەی پرۆژەی مۆدێرنتی. لەوەڵامی ئەوەی کە چۆن ئەم بزوتنەوانە هەڵبسەنگێنین دەمەوێت بڵێم هەندێك لەم بزوتنەوانە دەیانەوێت چاو بەخۆیاندا بخشێننەوەو هەندێکی تریان دەیانەوێت بەڕێگای خۆیان سوود لەم جەنگەی کە ڕاگەیەنراوە وەربگرن‌و ئەو ڕەهەندەی ئەو جەنگە ببینن کە دژی ئیسلامە، بەڵام بۆ پتەکردنی مەوقعی خۆیانە، ئەمەش ئیستفادەکردنێکی خراپە لەدوای نەبینینی هەموو ڕەهەندەکانی دەکەونە هەڵەی گەورەوە، بۆچوونی لەچەشنی دابەش کردنی جیهانە بۆ خێرو شەڕ کە ئێمە خێرەکەبین‌و ئەوان شەڕەکە دووبارەکردنەوەی بۆچوونی ئەو

هێزەیە کە شەڕ لەگەڵ ئیسلامدا دەکات کە جۆرج بۆش چاك بەووتــە بەناوبانگەکـەی تـەعبیری لێکـرد "یـان ئـەوەتا لەگەڵماندایین یان دژمانیت" ئەم بۆچوونی خێرو شەڕە لەبنەڕەتەوە مانای نەبوونی پرۆژەیەو بەدووره لەهەوڵی جدی بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەمڕۆ دنیا بەچ قەیرانێکدا دەڕواتو خۆ ئامادە نەکردنە بۆ ئەو ڕووداوانەی کـە دێـن، لەگـەڵ ئەم بزووتنەوانەشدا لێرەو لەوێ چەند دەنگێکمان گوێ لیٚ دەبێ کە بۆنی ئەوەی لیٚ دێت کە بیانەوێت موراجەعەیـەك بـۆ بۆچوونـەکانیاندا بکەنـەوە، بـۆ نموونـە مـن لـەم ماوەیـەدا دوو ووتـاری ڕاشـد ئەلغەنوشـی سـەرنجی ڕاکێشـامو لەئیدانەکردنی هەموو جۆرە تیرۆرێكو لەوانەش تیرۆری چەند گروپێکی ئیسلامی، هەرچـەندە ئەمـە جێـی دڵخۆشـیە، بەڵام لەڕاستیدا هەوڵێکی گەورەو جدی ئەوتۆ نیە کە ئەم بزوتنەوانە بەخۆیاندا بڕۆنەوە، بـەڵام ئـەوەی گرنگـە ئێمـە بیکەین ئەوەیە ڕایانبکێشینەوە سەر مێزی دایەلۆگو قسەیان لەگەڵدا بکەین.

*** لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوانەی لەسەرەو خستتنە ڕوو سەبارەت بەبزووتنەوە ئیسلامیەکان لەدنیای ئیسلامدا چۆن دەتوانین لەسەر ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانە قسە بکەین کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئامادەییان هەیە؟**

– دووبارە دەڵێم ناتوانین بەیەك فڵچە تابلۆیەك بۆ سەرجەم بزووتنـەوە ئیسـلامیەکانی کوردسـتان بکێشـین واتـە لەنێو ئەو بزوتنەوانەدا باڵی توندڕەوی تێدایەو باڵی میانەڕەوی تیایە، وێرای ئەمەش ئەو پاشاگەردانییەی سـەرجەم سـاحەی کـوردی گرتۆتـەوە ئـەم بزووتنەوانەشـی گرتۆتـەوە، وێـڕای جیـاوازیش لـەنێو ئـەم باڵانـەدا سـەرجەم ئـەو بزووتنەوانە خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە بوونی ئەجێندایەکی سادەو ساویلکانەیە کە بەدووره لەقووڵی فکریو بێ تواناییانە لەدەست نیشانکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای کـوردیو ئینسـانی کـوردو ئینجـا دیـاریکردنی چارەسـەری بەدوور لەحیکمەت بۆ ئەو پاشاگەردانییەی کوردستان،

جەهلێك کوردستانی داگرتووەو ئەم بزووتنەوانەش لەجیاتی تەشخیص کردنی ئـەو جەهلـە بـەکردەوەکانیان ئـەو جەهلـە تـۆخ دەکەنـەوە، بزووتنـەوەی کوردایـەتی چ لـەڕابردوودا چ لەئێسـتادا کوردەکـان بـەرەو هـەڵدێر بـردووەو دەیبات، ئەو هـێزە ئیسـلامیانەش ئـەو هـێزە نـین کـە لەسـەر ئـەو بـێ دەنگییـە بـەدەنگ بێـن ئـەوەتا لەئـەجێندای بەئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کورد قسە دەکـەن وەکـو ئـەوەی کـورد پـەیگان (وەسـەنی) بێـت، ئـەم ئـەجێندای بەئیسلامی کردنەوەیە خۆی لەفەرزکردنی حیجابو دروست کردنی مزگەوتو تەکفیرکردنی خەڵكو هێرش بردنە سـەر تەکیەو خانەقاکانو قەدەغەکردنی سرووتە ڕۆحانیەکانو چاپ کردنی کتێبۆچکە لەسەر چۆنیەتی نوێژکردن، دەسـت نوێژ گرتن، چۆنیەتی دانی زەکات، تەڵاقو.. هتد دەبینێتەوە.

ئەوەی کە ڕاداری ئیسـلامیەکان نایخوێنێتـەوە فیکـرو فەلسـەفەو عیرفـانی ئیسـلامیە نـەك ئـەوەندە بـەڵکو ئـەم بزووتنەوانە زۆر جاهلن بەو میراتە فیکریو عیرفانیەلەی ئیسلامو هـەنگاوێکیش لەمـە زیـاتر خۆیـان بۆیـە هاتوونەتـە ئاراوە تا لەو ڕەهەندە فکری ڕۆحانیەی ئیسلام بدەن، کـوان لێکۆڵینـەوەکانی کەسـانی نـاو ئـەم بزوتنەوانـە لەسـەر فارابیو سەهرە وەردیو ئیبن سیناو.

ئیبن روشدو ئیـبن عـەرەبیو مـەلا صـەدراو بگـرە خـودی ئیمـام غـەزالی؟ کـوان لێکۆڵینـەوەی کەسـانی نـاو ئـەو بزووتنەوانە لەسەر گفتوگۆ جدیـەکانی نـاو ئیولۆجیـای ئیسـلامی؟ کـوان لێکۆڵینـەوەکانیان لەسـەر عیرفـان، لەسـەر مەولاناو عەتارو ئیبن فـارض هـەیجوری؟ کـوان لێکۆڵینـەوەکانیان لەسـەر چـەمکی ئینسـانی کـامل؟ لـەکاتێکدا ئـەو مەخلوقە نەخوێندەوارە پڕ بوغـزەی پێـی دەڵێـن "ڕۆشـنبیر" بەهـەر چـوار لادا هـێرش دەکاتـە سـەر موقەدەسـاتی ئیسلامو سەر پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لێبێت)و سەر شـاکاری هونـەرو ئـەدەبیاتی ئیسـلامیو سـەر خـودی

خوداوەند، بزووتنەوە ئیسلامییەکان چەند کتێبو لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم دیاردەیە واتە دیاردەی بێ حورمەتی کردن بەموقەدەساتی ئیسلامو کانوونی فەرهەنگی ئیسلامی نوسیووە؟ لەکاتێکدا ئەمە ناکەن ئەی ئیسلام بوونیان لەچییەوە هاتووە؟ دیارە ئیسلام بوونیان لەجەخت کردنە سەر شەریعەتەوە هاتووە، شەریعەت بەتەنها، لەنێو بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا باڵی توندڕەو هەیە بڕوای بەتەکفیر کردن هەیەو هەنگاوێ بەولاشەوە باوەڕی بەتیرۆر هەیە، ئەمانە دەبێت مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێتو فێری گفتوگۆ کردن بکرێن.

باڵێکی میانەڕو هەیە کە بەپێویست دەبێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین، لێرەدا مەبەستم لەیەکگرتووی ئیسلامیە. بەڵام باپرسین بۆ یەکگرتوو لەو هەموو بێ ئەدەبییەی کە دەکرێتە سەر ئیسلام لەلایەن ڕۆشنبیرانو ئینجا ئەم تاقمە سەرلێشێواو بێ فیکرو بێ مۆڕاڵەی کە بەناوی چەپەوە، کۆمۆنیست بوونەوە قسە دەکەن؟ بۆ لەهەموو ئەمانە بێ دەنگنو سەرقاڵی دروست کردنی خەستەخانەو مزگەوتن. یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی میانەڕەوییەکەیەوەو بەهۆی ئەوەی کە چەکی هەڵنەگرتووە ئەگەری ئەوەی پێ بوو، وە ئێستاش ئەو ئەگەرەی تێدایە کە ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی جدی لەبەرامبەر ئەو پاشاگەردانیەدا، ئەو سەرگەردانییەی سیاسیو ڕۆحیاو ئەخلاقییەی کوردستان، دەیتوانی ببوایەتە مینبەرێك بۆ خستنەڕووی پرسیاری گرنگو گفتوگۆکردنی قووڵ لەسەر ئەو ساحە کلۆڵە کە پێشتر قوربانی بەعسو ئێستاش قوربانی هێزێکە بەناوی ناسیونالیزمەوە کە هەموو شتێکە جگە لەناسیۆنالیست. بەڵام یەکگرتوو تائێستا ئەو ئەگەرەی نەکردۆتە فیعل چونکە هێزێکی شەرمنەو دەترسێ، ترسی یەکەمیشی لەو مەخلوقەیە کە پێی دەڵێن "ڕۆشنبیر"، بەڵێ یەکگرتوو لەتۆمەتەکانی ئەم مەخلوقە دەترسێو وادەزانێ ئەم مەخلوقە فیکرەیەکی هەیە کە هی خۆی بێت، دەترسێ پێی بڵێن دواکەوتوو، دژ بەمۆدێرنتی، دژ بەمافی مرۆڤو.. هتد، یەکگرتوو دەبوایە لەسەرەتاوە ئەوەی دیاری بکردایە کە ئەم مەخلوقە مەخلوقێکی زۆڵە، نە "باوکی" هەیەو نەرابردوو، نە "ئەسڵو فەسڵ" دەبوایە بیزانیایە ئەم "ڕۆشنبیر"ە درێژکراوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیو مەحویو مەلا عەبدول کەریمی مودەریس نیە بەڵکو ئەم مەخلوقە لەدنیای کورددا باوکی نیە، ئەم مەخلوقە زادەی پرۆسەی پەروەردەی جەماعییە (MASS EDUCATION) (زادەی ئەو پرۆژەیەیە کە ساتع حەسری پیادەی کرد) مەبەستم لەپەروەردەی جەماعی ئەو پەروەردەیەیە کە دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی عێراق لەسییەکانەوە بەرپای کرد.

ئەم مەخلوقە نە لەمۆدێرنتی دەگاتو نە لەیەك حەرفی شارستانیەتی ئیسلام دەگات، زۆربەی قسەکانی ئەم "ڕۆشنبیر"انە دووپات کردنەوەیەکی بێ تامی ڕۆشنبیرانی عەرەبە کە ئەوانیش گروپێکی بێ باوكو ئەسڵو فەسڵن، یاخود لەم ساڵانەی دواییدا وەرگرتن و دووبارە کردنەوەی ئایدیاو بیرۆکەی فلانە ڕۆشنبیری ژمارە پێنجو فیسارە ڕۆژنامە نووسی خۆرئاوا، بەڵام ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کەلەو ڕۆژنامانەدا دەنووسن کەلەسەر ئاستی (الراصد)ی عێراقیدان بەڵام یەکگرتوو وەکو غوڵ سەیری ئەم مەخلوقەدەکەنو لەئیهانەکانیان بێ دەنگن یاخود خەریکی خۆجوانکردنن لەبەر دەم ئەو سیاسەت مەدارانەی کە رابردوویەکی پڕ شەرمو ناپاکی یان هەیە لەمێژووی نزیکی کوردا......

باپرسیار بکەین کەبۆچی یەکگرتوو بێ دەنگن لەتوند ڕەوی باڵەکانی تری نێو بزوتنەوە ئیسلامیەکان، بەرامبەر ئەو بێ حورمەتیەی ئەو باڵانە دەیکەنە سەر ئافرەتی کورد، بەرامبەر لێ دان لەئازادی یە فەردیەکانی ئینسانی کورد، ئەو تیرۆرانەی لەژێر دەستی ئەوانەوە ڕوو دەدەن، کردنی مزگەوتەکان بەمینبەری هێرش کردنە سەرخەڵكو تەکفیر

کردنو تیرۆر کردنی کاراکتەری کۆمەڵێك خەڵك لەلایەن کۆمەڵێك مەلاوە لەوەی کەگروپێکی توندرەو لەیەك ناوچەی تەواو، مەبەستم لەشارەزوورەو بەتایبەتی لە خورماڵ خەرکی تۆقاندنو تیرۆر کردنی خەڵکی ئەو ناوچەیەن؟

# تەوەرەی دووەم: عێراق

*** ڕۆژانە لەمیدیای جیهانەوە هەواڵەکان باس لەچەند سیناریۆیەك دەکەن سەبارەت بەگۆڕینی ڕژێمی عێراقیو لەهەمووشیان باووتر ئەوەیە کەلێدان لەعێراق قۆناغی دووەم بێت لە "جەنگ دژی تیرۆریزم" چۆن دەتوانین وێنەیەکی تارادەیەك ئاشکرامان لادروست ببێت سەبارەت بەوەی چی بەڕێوەیە؟**

– بەبێ دووبارە کردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کەلەچەند مانگی رابردوودا بەتایبەت چەند هەفتەی پێشوو گوێمان لێ بووە سەبارەت بەقۆناغی دووەمی "شەڕ دژی تیرۆریزم" لەپەیوەند بەرژێمی عێراقەوە ئەوەی ئاشکرایە ئابلۆقەدانی ڕژێمی عێراق ئیتر لەبەرژەوەندی ئەمریکا نیە، لێرەوە نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە حکومەتی ئەمریکا بڕیاری دابێت کەڕژێمی عێراقی بگۆڕێت وە دیارە ڕژێمی عێراقیش بەو ئاسانیە ناگۆڕێت کەواتە بەمانایەك لەماناکان جەنگێکی تر لەوناوچەیە بەرپا دەکرێت بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم بڕیارەی ئەمریکا نەلەدوور نەلەنزیك پەیوەندی بەدیکتاتۆر بوونی ڕژێمی عێراقیەوە نیە وەك ئەوەی ڕۆژانە ئەمریکا پروپاگەندەی بۆ دەکات کە چۆن چەکی کیمیایی دژی کورد بەکار هێناوە یان هێرشەکانی ئەنفال جینۆساید کردنی  کورد بوو چونکە کاتی کارەساتەکەی هەڵەبجە ڕژێمی عێراقی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای دەکردو ئەم رووداوە لەناو ئەمریکادانەبوو بەهەواڵێك کەقسەی لەسەر بکرێتو دوای ئەنفالیش بەڵگەنامە هەیە لەوەی کەئەمریکا ئەوە رەت دەکاتەوە کەقسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات، کەواتە ئەم بڕیارەی ئەمریکا پەیوەندی بەفاشی بوونو دیکتاتۆر بوونی ئەو ڕژێمەوە نییە جا ئەو ڕژێمە خۆی وایە ئەمە گوومان نییە لەوە بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتا ئێستا ئابلۆقەی ئابووری دژی عێراق سیاسەتێك بوو لەخزمەتی ئەمریکادا بەڵام ئێستا درێژەدان بەهێشتنەوەی ئەم ڕژێمە لەبەرژەوەندی پرۆژەی هەیمەنەکردنی جیهان لەلایەن ئەمریکاوە نییە لەبەر ٍئەوە دەیەوێت  لەعێراق بدات، لێرەدا کۆمەڵێك ڕێگری هەیە لەبەردەم حکومەتی ئەمریکی بۆ جێبەجی کردنی ئەم ئەجێندایە لەوانە ڕژێمی عێراقی سوپایەکی هەیە وەکۆمەڵێك وڵات لەجیهاندا باس لەوە دەکەن کەڕازی نین بەلێدان لەعێراق لەوانە ئەو وڵاتانەن کەبەرژەوەندیان دەکەوێتە مەترسیەوە دووبارە لەبەر چاوی کاڵی خەڵك یان ڕژێمی عێراقی نا لەمانە رووسیاو فەرەنسا کەیەکەم عێراق قەرزارێکی زۆریانەو دووەمیش ئەگەر ئەمریکا لەعێراق بداتو هەر ڕژێمێك بهێنێتە سەر  کار سەرتاسەر ئەو ڕژێمە سەر بەئەجێندای حکومەتی ئەمریکی دەبێت ئەوەی کە ئایرۆنییە (IRIONIE)  لێرەدا  ئەوەیە کەباس لەوە دەکرێ کە پێویستیان بەحەمیدی  کارزایەك هەیە بۆ عێراق وەك ئەوەی کارزای پاڵەوانێکی گەورە بێت لەکاتێکدا کارزای دووەمیەکی ئەمریکایە هەربەو شێوەیەی ئەڤغانستان لەعێراقیش حکومەتێکی کارتۆنی دادەنێنو چاوبەهەندێ لایەندا دەخشێنرێتەوە لەوانە سەفەقاتی تیجاریو عەسکەری کەبەدڵنیاییەوە بەشی گەورە بەر کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەکەوێت لێرەوە ئەو وڵاتانەی دژی لێدانن لە عێراق لەوساتە دەترسن کەتەوازنەکە دەشکێتو تیایدا ڕژێمێك دێتە سەرکار کەمەرج نییە بەلای کۆمپانیا فەرەنسیو روسیەکاندا بکشێنێتەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدالەبەر چاوی بگرین ئەوەیە کەکاتێ ئێمە زانیمان لێدانی ئەمریکا لەعێراق وەك قۆناغێکی تری "جەنگ

دژی تیرۆروم" ەو کە زانیمان ئەو جەنگەدانی پەردەیە بەسەر راستی و ئامانجی ئەم جەنگە کە هیچ پەیوەندی بەتیرۆریزمەوە نییە وبۆچەسپاندنی ئەجێندا ئیمپریالیستی‌یەکەی ئەمەریکایە دەبێ ئەم لێدانە لە عێراق مەحکوم بکەین وبەباریکی تردا ئەم لێدانە دەبێ مەحکوم بکرێت چونکە گۆڕینی ڕژێمی عێراق ئیشی خەڵکی عێراق خۆیەتی نەك هێزێکی دەرەوە. ئەوەی کارەساتە لەم سیناریۆیەدا و لەو حاڵەتانەی بەڕێوەیە ڕۆڵی ئەو موعارەزە هەزیلەیە کەلەچەند ساڵی رابردوودا سەلماندوویانە کەهیچ جێ پێگەیەکیان لەعێراقدا نییە و هێزێکی پەرش‌و بڵاو دابەش بووە بەسەر کۆمەڵێك گروپداو لە هەندێ کاتیشدا کۆمەڵێك ئەشخاص هیچی تر نین، ئەم هێزە خۆی لەناو عێراقدا ناتوانێ هیچ بکات بۆیە پەنادەباتە بەر هێزێکی ئیمپریالیستی وەك ئەمەریکا کەڕژێمی عێراقی بۆ بگۆڕێت. گۆڕینی ڕژێمی عێراق لەلایەك هێزێکی دەرەوەدووبارە بی حورمەتی کردنە بەخەڵکی عێراق لەوەدا کەخەڵکێك نەیانتوانی لەماوەی سی ساڵدا نەیانتوانی ئەو ڕژێمە بگۆڕن بۆیە دەبێ هێزێك لەدەرەوەبێت و بۆی بگۆڕێت، ئەمە لێدانە لەچەمکی میللەتو کەوتنی کۆمەڵێك مەفاهیمی فیکری یەو کۆمەڵێك بەهایە کە ئێنشا نووسەکان ڕۆژانە بەگوێماندا دەدەن دوای ئەوە وەکو گووتم ئەم ڕژێمە بەئاسانی ناڕوخێ کەواتە خوێنێکی زۆر دەڕژێت‌و بونیەتی تەختی لەوەی ئێستە هەیە زیاتر وێران دەبێت، ئەم هێرشە بۆ سەر عێراق ئەجێندایەکی فرە ڕەهەندی لەپشتەوەیە لەوانە ڕژێمی نوێ لەعێراق دەبێ موشتەری ئەمەریکابێت‌و ئەمەریکا دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر مواردی ئیقتیصادی‌و سروشتی ئەو ناوچەیەدا نەك تەنها نەوت بەڵکو ئاویش، ڕەهەندێکی تر دروست کردنی ڕژێمێك لەعێراق بەمەبەستی دژایەتی کردنی ئێران‌و هەر ڕژێمێکی تر لەو ناوچەیەدا کەدژایەتی ئەمەریکا بکات‌و ئەمەیکا پێویستی بەڕژێمێکە لە عێراق دا کە بەهیچ شێوەیەك دژایەتی ئیرائسیل نەکات لەودیوی ئەم ئامانجە ئاشکرایانەوە ئامانجێکی تر هەیە کەڕێك پەیوەندی بە هەیمەنەی ئەمەریکی‌یەوە هەیە کەلە ئنجامی لێدان لەعێراق چاوترسێنی ڕژێمەکانی تری ئەو ناوچەیە دەکات لەوەی کە ڕژێمێك یان هێزێك لەخەونیشدا بۆی نەبێت دژایەتی ئەجێندای ئەمەریکی بکات وئەم لێدانەش لەعێراق دەبێتە وانەیەك بۆ هەموو ئەو ڕژێمانەی لەو ناوەچەیەدا هەن بەمەش ئەمەریکا ئەجێندای هەیمەنەکردنی جیهان قۆناغێك دەباتە پێشەوەو پێی خۆی لەو ناوچەیەدا بەتەواوی دادەکوتێت بالێرەدا باس لەو بەهانانە بکەین کەڕۆژانەو هێواش هێواش کەڵەکە دەکرێن لەوانە دیکتاتۆر بوونی ڕژێمی عێراقی وەکو ئەوەی عێراق تەنها ڕژێمێکی سەرکووت کەربێ لەناوچەکەدا یان ئەوەی کە عێراق چەکی کۆکوژی هەیە، ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە کەدەوترێت عێراق ئەم چەکەی هەیە، کەلەراستیدا وایەو ئێمەی کوردیش یەکیکن لەقوربانی‌یەکانی بەکارهێنانی ئەو چەکەلە رابرودوودا، بەلام ئەوەی پرسیارە ئەوەیە کە بۆتەنها عێراق دەبێ ئەم چەکەی نەبێ لەکاتێکدا کۆمەڵێك ڕژێمی ترلەو ناوچەیەدا چەکی کۆکوژی هەیە لەوانەش ئیسرائیل، بەهانەیەکی تر گوایە عێراق بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی جێبەجێ نەکردووە لەکاتێکدا ئیسرائیل هیچ بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی جێبەجێ نەکردووە، کەواتە هەموو ئەو بەهانانەی دەهێنرێنەوە لەبەردەم ساناترین پرسیاردا دەکەون وهیچ بەهانەو مانایەك نییە بۆ لێدان لەعێراق جگەلە بڕیاری ئەمەریکی ئەویش بۆ خزمەتی پرۆژەی چەسپاندنی هەیمەنەی ئەمەریکا لەجیهاندا ولەم حاڵەتەشدا لەناوچەکەدا ولەوانەش لەئایندەدا ...

کۆمەڵێك نیازی تری ئەمەریکا دەربکەوێت بەڵام ئەوەی گرنگە دووبارەی بکەمەوە ئەم بڕیارەی ئەمەریکا نەلەبەر خەڵکی عیراقەو نەلەبەر دیکتاتۆر بوونی ئەو ڕژێمەیە چونکە ڕژێمی عیراقی لەهاتنەسەر حوکمیەوە بەکۆمەکی CIA تائەمڕۆخزمەتی ئەجێندایی ئەمەریکی کردووەو ئێستاش گەیشتوە بەو ساتەی کەخزمەت ناکات دەبێ

بگۆڕدرێت لێرەوە ئێمە دەبێت هیچ وەهمێکمان نەبێت و دوا جاریش گەر ڕژێمی عێراقیش بگۆردرێت دەبـێ ئێمـە زۆر بەوشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم گۆرانەدا بکـەبین بەتایبـەت لەپـەیوەندیو بـەو شـتەی پێـی دەوترێـت ئۆپۆزسـیونی عێراقی، ئەو دروشمانەی ئەمانەهەڵی دەگرن هیچ پەیوەندی بەفکیریەوە نیە بۆ نموونە دروشمی "میللەتی عێراق" چ مانیەکی هەیە لەکاتێکدا پشتیوانی ئەمەریکا دەکەن کەلە عێراق بدات کەخۆی ئەو لێدانە پێش هـەموو شـتێك لێدانـە لەکەرامـەتی خـەڵکی عـێراق ئـەم ئۆپۆزسـیۆنە دیدێکـی ڕۆشـنی نیـە بەرامبـەر کێشـەکانو کۆمـەڵێك خـەڵکی تیایــە کەبەعسیـیە کۆنەکانو لەماهیەتدا هیچ جیاواز نین لەسەدام حسێن بۆیە ئێمە دەبێـت وریـابین لەمامەڵـەمان لەگـەڵ ئەم ئۆپۆزسیۆنە یان ئەو ڕژێمەی کەلەداویدا لەلایەن ئەمەریکاوە دادەنرێ و بەتایبەت هەواڵەکان بـاس لـەوە دەکـەن کەئەو کەسانەی دیاری کراون لەشوێنی ڕژێمی عێراقی دابرێن خەڵکی جەلادی وەکو نزار خـەزرەجی تیایـە کـەبێت بەکارزای عێراق ئـەو پیـاوەی کەدەسـتی بـەخوێنی کـورد سـوورە کەواتـە ئەگـەر ئـەمرۆش ئومێدێك نـەبێت لـەوەی کەگۆڕانێك لەناوخۆی عێراقدا ڕووبداتو ئەگەر چی خەڵکیش مـاندووە لـەو ڕژێمـە سـتەم کـارە چ لـەرووی فکـریو چ لەرووی ئەخلاقیەوە کارەساتە ئێمـە پشـتگیری گۆڕانـی ڕژێمـی عـێراقی بکـەین لەلایـەك ئەمـەریکاوە کەتەنـها لەبـەر بەرژەوەندیەکانی خۆی ئەوکارە دەکاتو دواتر ئێمە چۆن دەتوانین دڵمان بەرژێمێك خۆش بێت کەلەلایەن ئەمریکاوە دابنرێت لەکاتێك ئێستا بۆ هەموو لایەك روونە ئامانجەکە چیـیە لەهەمووی گرنـگ تـر ئەوەیـە کەئـەم هێرشـە بۆسـەر عێراقو گۆڕینی ڕژێمە لەمەفهومی سەر بەخۆیی (SOVEREIGNTY) خەڵکی عـێراق لـەمانای میللـەت دەدات کەواتـە بەرووخانی ڕژێمی عێراق کێشەکان تەواو نابێت وەئێمە دەکەوینە گێژاوێکی نوێوە ئەویش ئەوەیە کەدەبێت خۆمـانی بۆ ئامادە بکەین کەچۆن لەگەڵ ئەو ڕژێمە تازەیەدا مامەڵە بکەین بەتایبەت کەدەزانین کەدروست کراوی ئەمەریکایەو لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکادایەو وەك باسیشمان کرد بەرژەوەندی ئەمــەریکیش بیگومـان یـەك ناگرێتـەوە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەواتە گێژاوێکی نوێ بەرێوەیەو کارەساتەکە تەنها لەو خوێنەدا نابێت کەلە عێراق دەڕژێت بەڵکو دەمان خاتە دوامەیەکی ترەوە.

# تەوەرەی سێهەم : کوردستان

*** هەرچی پەیوەندی بەکوردەوە هەبێت لەپەیوەندبەو کێشەیەی باس کرا ئەگەری لێدان لـەعێراق و دانـانی ڕژێمێکـی نوێ، ئێمەی کورد چۆن دەتوانین ئامادە باش بین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانێك لەو جۆرە؟**

– لەسەر ساحەی کوردی من هیچ جۆرە ئامادە باشیەك نابینمەوە بەڵام پێش ئەوەی ئەمە شی بکەمەوە بابزانین ئێمە چۆن دەبێـت لـەو سـیناریۆیانە بڕوانـین کەسـەبارەت بـەگۆڕینی ڕژێمـی عـێراقی یـان هـەر گۆڕانێك لـەعێراق دا کەبەڕێوەیە. پێش هەموو شتێك ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەر چاو بێت کەکورد دووەم نەتەوەیە لەعێراق دا ئەو عێراقەی کەپێش بیستەکانی سەدەی پێشووە پێش لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان پێوەی لەئەنجامی ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان پێی دەوترا عێراقی عەرەب، لێرەدا ئەوە دەهێنمەوە یـادی خوێنـەران کەلـە سـاڵی ١٩١٩ ریفراندۆمێك کەلەسلێمانی دەکرێتو چوار لەسەر پێنجی خەڵك دەڵێ بەڵێ بۆسـەربەخۆی کوردسـتان خـەڵێکی تـری مێـژووی ئـەو ئیعترافە مێژوویەیە کـەدەکرا بزوتنـەوەی کوردایـەتی سـوودی لێوەربگرتایـەو بیکردایـە بـەخاڵی ئینتیـلاق کـردن بـۆ بینینی عێراقێکی تر ئەویش ئەو دان پێدانانەیە کە عێراق پێك هاتووە لەدوو نەتەوە عەرەبو کورد بـەڵام بەداخـەوە نەبوو بەخاڵی ئینتیلاقو کەسیش سوودی لەم دانپێدانانەدا وەرنـەگرت بۆزیـاتر ڕوون کردنـەوە باباس لەدەسـتوری کەنـەدی بکـەین کـەتیایدا دەوترێت کەنـەدا لـەدوو نەتـــەوە پێـك هـاتووە ئینگلیزەکـانو فەرەنسـیەکان لـێرەوە ناسیۆنالیزمی فەرەنسی کیوبك دێتو ئەم دان پێدانانە وەردەگرێتو ئێشـی لەسـەرەوە دەکاتو لەبـەر ئـەوەی وەك نەتـەوە دانـی پێدانـراوە وەکـو یـەکێك لـەپێك هێنـەرەکانی کەنـەدا کەواتـە مـافی ئـەوەی هەیـە کـەجیا ببێتـــەوەو سەربەخۆیی خۆی بەیان بکات لەئەنجامی ریفراندۆم بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـەلو مـەرجی پێویسـت نەهاتۆتـە پێشو ناسـیۆنالیزمی فەرەنسـی بەهانـەی تـەواوی پـێ نیـە بـۆ جیابوونـەوە بۆیـە لەریفراندۆمـــە یــەك لــەدوای یەکـــەکاندا بۆجیابوونەوە ناسیۆنالیزمی کیوبکی زۆرینەی دەنگ ناهێنێ لەبەر ئەوەی فەرەنسیەکان لەشوناسی کەنـــەدی بووندا دەسەڵات دەبیننەوەو نایانەوێت جیا ببنەوە ئەمە ئەوکارە بوو کەدەبوایە ناسیۆنالیزمی کورد بیکردایە چونکە ئێمە نەدەوڵەتی کوردیمان پێوستە نەئۆتۆنۆمی بەڵکو ئێمە ئەوەمان پێویستە کەلەچوار چێوەی هـەر وڵاتێکدا بـێن مـافی ئەوەمان هـەبێت کـەی ویسـتمان جیاببینـەوە دەسـتوری عـێراقی ئـەم هەلـەی دابـوو بـەکورد بـەڵام لەبـەر نـەبوونی سـەرکردەی حـەکیمو خـەڵکانی هۆشـیار لـەنێو ئـەو بزوتنەوەیـەی پێـی دەوتـرێت ناسـیۆنالیزمو مـن پێـــی دەڵێـم کوردایەتی چونکـە کوردایـەتی شـێوەیەکی شـێواوی ناسـیۆنالیزمو لەدواجاریشـدا ئـەم بزوتنـەوەی کوردایەتیـیە لـە ئۆتۆنۆمی زیاتر ناتوانێ هیچی تر بەدەست ناهێنێ نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتـەوە، قۆسـتنەوەی ئـەو هەلـە پێویسـتی بەبریاری گەورەنەبوو تەنها پیویستی بەکەسێکی حەکیمو دڵ سۆز بـوو کەجـەخت بکاتـە سـەرئەو خاڵـە بـەڵام ئـەو بزووتنەوەی کوردایەتیە کەئێستا دوو حیزبی گەورە سەرکردایەتی دەکەن ئەو کارەیان نەکرد خـاڵێکی تـر کەگرنگـە باسی بکەین ئەوەیە کەلەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هەلو مەرجێکی مێـژووی دروسـت بـوو، کـەدیارە بەرئـەنجامی هەندێ بارودۆخی ناوچەکە و دواتریش کەڵەکەبوونی هـەموو ئـەو قەسـابخانانە بـوو کـەدژی کـورد ئـەنجام درابـوون، لەوهەلومەرجانەدا بزوتنەوەی کوردایەتی دەیتوانی پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کـەمافی کـوردە کـەخۆی چارەنووسـی

خۆی دیاری بکات ئەوەش نەکرا، خۆ ئەگەر لەدەساڵی رابردوودا کار لەسەر ئەم مافە بکرایە ئێستا جۆرێك لەئامادەباشیمان دەبوو بۆ مامەڵە کردنێکی هۆشیارانە وحەکیمانە لەگەڵ بارودۆخەکانی ئەمڕۆو ئەو ئەگەرانەی کەبەڕێوەن. بەپێچەوانەوە نەك کار لەسەر ئەو خاڵە نەکراو پێ لەسەر دانەگیراو سوودیش لەو دان پێدانانەی ١٩٥٨ وەرنەگیرا، ئێستاش داوی هەموو ئەو بێ باکیو هەڵە گەورانە گەمەیەکی تر بەڕێوەیە ئەویش گەمەی کردنەوەی کورد بەعێراقی وەکو ئەوەی لەبنەڕەتدا کورد عێراقی بێت یان وەکو ئەوەی کورد لەودیوی ئۆتۆنۆمی یەوە هیچی تری نەوێت ئەمڕۆ یەکپارچەیی خاکی عیراق لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتیەوە وەکو موقەدەس سەیردەکرێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوسیاسەتمەندارانەی نێو دووحیزبە گەورەسیاسەی‌یەکەی کوردستان کەدێنە دەرێو لەملاولا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێو قسەدەکەن هەروەك کەسێکی سەربەڕژێمی عیراقی باس لەیەك پارچەیی عیراق دەکەن وەك ئەوەی کەلەراستیدا ئەم یەك پارچەیی‌یە مەسەلەیەکی پیرۆزبێت لەکاتێکدا ئەم یەکپارچەیی‌یە پیرۆزنی‌یەو دواتریش کەس نالێت ئەم یەك پارچەی‌یە باهەڵ بوەشێتەوە یان هەڵنەوەشێتەوە ئەوەی کەلەم نێوەندەدا گرنگەو لەدەست چووە ئەوەیە ئەم سەرکردانەی کورد ئەم مافەیان لەئینسانی کورد سەندۆتەوە کەبڕیار بدات چۆنو لەژێر سایەی چ ڕژێمێکدا دەیەوێت بژیو مافی ئەوەیان لێسەندونەتەوە کەبڵێ ئیمە نامانەوێت لەچوارچێوەی عێراقدا بژین، ئەمە ئەو مافەیە کە ئینسانی کورد دەبوایە بەلانی کەمەوە لەئەنجامی خوێن ڕشتنی چل ساڵی رابردوو بەدەستی بهێنایە بەگرنگی دەزانم لێرەدا کەمێك لەسەر هەڵوێستی بزوتنەوەی کوردایەتی لەپەیوەندی یان بە تورکیاوە رابوەستین، لەدوای راپەرینەوە ڕژێمی تورکیا بەچەند شێوەیەك لەسەر ئەو ناوچەیەی ئێمەئیشی کردوە لەدەساڵی رابردوودا ئەو ڕژێمە چەندەها هێرشی کردۆتە سەر ئەو ناچەیە بەناوی راونانی پێشمەرگەکانی کوردستانی تورکیا، ئەو ڕژێمە تەدەخولی راستەخۆی کردۆتە کاروباری ئەو ناچەیە بەپشتگیری کردنی یەکێك لەدوو حیزبە گەورەکەو کردنیان بە گژیەکتردا، ئەو ڕژێمە لەوناوچانەی ئێمەدا خەریکی دروست کردنی کەمایەتی‌یەکە بەناوی تورکمانەوەو هەوڵی بەتورکمان کردنی ناوچەکە دەدات بەڕشتنی پارەیەکی زۆر کەداخەوە ئەم سیاسەتی بەتورك کردنە لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا کراوەو بەردەوامیشە، کەمایەتی تورکمان گەر زیادە ڕۆیش بکەین ژمارەیان لەروبعە میلیۆنێك تێ ناپەڕێت لەوناوچانەی ئێمەدا ئەمڕۆ تورکیا باس لەبوونی چوار میلیۆن تورکمان دەکات، دوا هەواڵ لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە کەتورکیا نەخشەیەکی داوە بەئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان کەگوایە نەخشەی ئەو شوێنانەیە کەناوچەی تورکمانین‌و داوای ئۆتۆنۆمی یان بۆدەکات کەخۆی لەراستیدا ئەو ناوچانە هەمووی کوردستانە، بەپێی ئەو نەخشەیە دەبێ کەرکوكو هەولێرو موصل بدرێت بەئەوان کوردیش تەنها شاخەکانی سلێمانی‌و شارەزوری بۆ دەمێنێتەوە لەم لاشەوە هەواڵ هەیە کەمن نازانم چەندە راستە، کەگوایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسلێمانی کۆمەڵێك زەوی بەسەر تورکمانەکاندا دابەش کردووە، خۆ ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوە هەڵەیەکی گەورەی ستراتیژی یەکە ئەم حیزبە لەکوردستاندا بیکاتو خولقاندنی کێشەیەکی گەورە بۆ ئایندەی کورد وبەدڵنیایشەوە لەپشتی‌یەوە تورکیا هەیە، ترسناکترین دەست تێوەردانی تورکیا بۆناو کاروباری کوردستان تەدەخولاتە سیاسی‌یەکانێتی ئەویش لەئاکامی ئەو هەموو دانیشتنانەی کەئەم دووحیزبە بەهۆی ئەوەی کەنەیانتوانیوە لەدەساڵی رابردوودا پێکەوە ڕێ بکەون لەئەنقەرە کردویانە کەڕێی داوە بەتورکیا ئازادانە دەست وەرباتە کاروبارەکانەوە.

ئەم دوو حیزبە کوردیـیـە لـەماوەی دەسـاڵی رابـردوودا تەنـها لـەڕێی ئینشـای ئـەو "ڕۆشـنبیرانە"ی لـەدەوریان کۆبوونەتەوە باسیان لەپشت ئەستووریان بەکۆمەڵانی خەڵك و کـورد کـردووە دەنـا خـۆ ئـەم دوو حیزبـە لـەدواجاردا بەرجەستەبوونی دوونیەتی کوردن بەتایبەت کاتێ لەگەڵ ڕژێمەکانی تر قسەدەکەن تائێستا نـەیانتوانیو کەرامـەتی ئینسان دونیەتی ئینسـانی کـورد بپـارێز لـەوەکو میللـەتێك باسـی بکـەن کـەخاوەن مەسـەلەیەیان وەکـو چوارەمـین نەتەوەی ناوەچەکە لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا قسەکەنو بەجەنەراڵەکانی تورکیا بڵێـین ئێمـە نەتەوەیـەکین ئێـوە نـاتوانن بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن بەڵام ئەم دوو حیزبە لەوەکەمتر سەیری خۆیان کردووە کەئەم مافەیان هـەبێت نەك ئەمەیان نەکرد بەڵکو تورکیا هەرداواکاریەکی هەبووبێت ئەمانە بەزیادەوە جێبـەجێ یـانکردووە وبگـرە لـەنێوان یەکێتیو پارتی پێشبرکێی ئـەوە دەکـەن کـەکامیان دەتوانـێ زیـاتر لـەتورکیا نزیـك ببێتـەوە لـێرەوە تورکیـا لـەم هەڵوێستەی ئەوان سوئیستیفادە دەکاتو بەراستو چەپدا دەست دەخاتـە کاروبـاری ناوچەکـەوە، کـاتێك سیاسـەت مەداری کورد دەچێت بۆ تورکیا خەیاڵیان تائەوێ بڕ ناکـات کەلـە پشـتیانەوە خـەڵك هـەبێت ئـەو خەڵکـەی کەچـەند دەیەیەخوێنی ڕشتووەو خەڵکێك هەیە ئامادەیی هەیە خوێن بڕژێت لە پێناوی مافەکانیدا، ئەم بەڕێزانە پێویستە بەم سیقەیەوە قسـەبکەنو لـەو شـوێنەی پێویسـتە بڵێـن نـەخێر بیلێـن، بـەڵام بەپێچەوانـەوە هەمیشـە داواکاریـەکانی تورکیایان بەسەر وزیادەوە جێبەجێ کردووە، بەهەرمامەڵە کردنی ئێمە لەگەڵ تورکیا بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیـەو خـەڵکی ناوچـەی ئێمـە لەمامەڵـە کـردن لەگـەڵیدا دەبـێ ئاگـادارینو بەووریایـەوە مامەڵـەی لەگـەڵدا بکـەن، ئـەمڕۆ سەرکردەکانی ئەم دوو حیزبە دەبێت لەلایەن خـەڵكو قـاعیدەی حیزبەکانـەوە ئاگـادر بکرێنـەوە چونکـە لـەنێو ئـەم حیزبانە خەڵکێك هەیە قوربانی گەورەیان داوە و دەبێ سەرکردەکان هۆشیار بکرێنەوە کەبەووریایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو رووداوانەدا بکەن کەبەرێوەنو دەست بەرداری ئەم دروشمی عێراق چێتیـە بهێنن. بەپەیوەندبە تورکیاوە دەبێ ئەو راستـیە بزانین کەتۆ دوژمنێکت هەیە کەبـەناوی کـورد قـەڵس دەبێـتو دوو حـیزبت هەیـە کەبـەوە قـەلس نـابن کـەدوژمنێکت هەیـە بـەناوی کـورد قـەڵس دەبێـتو لـەجیاتی ئـەوەی خـەڵکی ناوچەکـە ئامادەبکـەن بـۆ بـەرەنگاری بوونەوەی ئەم دوژمنە سیاسەتەکانی خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ تورکیاو بەمـەش دەڵێـن دیبلۆماسـی، دیبلۆماسـیەت لای سیاسەتمەدارانی بزوتنەوەی کوردایەتی واتە دەست بەردان لەمافەکانی خۆتو گونجاندنی سیاسەتەکانت لەگـەڵ ئەودا کەجگە لەدڵنیاکردنەوەی تورکیا لەوەی ئەم مەترسیـیە بۆی هیچ حیکمەتێکی لەپشتەوە نیـیە، خـاڵێکی تـر لەپەیوەند بەتورکیادا ئەوەیە کەبەرژەوەندیـیەکی تەنگاوتەنگی هەیە لەگەڵ ئەمـەریکادا، تورکیـا ئـەندامی ناتۆیـە و ئەم مەوقیعەی تورکیا گرنگـە و دەبـێ ئاگامـان لـێ بێـت دواجـار لـەناوخاکی تورکیـا کێشـەی کـورد هەیـەو ئـەوەی لەهەمووی ترسناکترە ئەوەیەکە ئەوە هیچ لەناوخۆی تورکیادا جەنراڵە کەمالیسـتەکان دەیانـەوێت تەنانـەت ووشـەی "کـورد" نـەهێڵن وەك ئـەوەی پ.ك.ك. خەریکـە نـاوی خـۆی بگـۆڕێت تاووشــەی کوردسـتان لابیـات، بەمەشــەوە نەوەستاونو نایانەوێت دان بەکوردا بنێنو لەدەرەوەی تورکیاش ئەم ڕژێمەی تورکیا بێ ئەوەی ئەو حەقیقەتەمان لێ بشارێتەوە خۆی بەدوژمنی کورد لەقەڵەم دەداتو دژایەتی هەموو خەونێکی کـورد دەکـات لـێرەدا بەپێوسـتی دەزانم ئاماژە بەسەردانەکانی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی بکەم بۆ تورکیا لەماوەی چـەند هەفتـەی رابـردوودا، لەسـەرەتاوە ئـەم بەڕێزە وەك کەسایەتـیەکی عێراقی پێشوازی لێکراو کەس نازانـێ کەسـایەتی عـێراقی چـیـەو ئایـا ئەگـەر سـبەینێ ڕژێمی عێراقی بگۆڕێت ئەم بەڕێزە دەکرێت بەجێگری سەرۆك کۆمار؟

لەدوایدا لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە ووتی: "ئێمە لە ئۆتۆنۆمی کەمترمان دەوێت" بۆئەمە ڕۆژنامـەی "الحیاە" مـان لەبەردەستدا هەیە، ئەم بەڕێزە چەند ساڵە باس لەفیدرالیزم دەکات کەچی لەتورکیا قسەیەکی لەسـەرئەم مەسـەلەیە نەکرد هەرچەندە تائێستا بزوتنەوەی کوردایـەتی پـێی نـەوتووین ئـەم فیدرالیزمـە چیـە کەئەمانـە بـەنیازین، ئایا فیدرالیزمە لەشێوەی سویسرا یان کەنەدا یان چ وولاتێکی تر؟ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لـەم سـەردانەیدا بـە ئێمـە قسـە دەکاتو دەڵێ "ئێمە دەوڵـەتی کوردیمـان نـاوێت و مەبەسـتمانە یـەك پارچـەیی خـاکی عـێراق بپـارێزینو عـێراقێکی دیموکراتیمان دەوێت" ئەمە تا ئەوشوێنە شوێنی گرفت نی‌یەکە وەك سەرۆکی حیزبێکی سیاسی قسە بکـاتو ئەگـەر ئەمە سیاسەتی حیزبێکی ئێمە لەگەڵدا بین یان نەبین مەسەلەیەك نی‌یـە بـەڵام ئـەو ئێمەیـەی بـەڕێز جـەلال تاڵـەبانی قسەی پێدەکات مەبەستی لەهەموو ئێمەی کودە چونکە درێژکراوەی ئەو قسەیەی پێشوو ئەوەیە کەدەڵێ هیچ کەس لای ئێمە دەوڵەتی ناوێ واتە ئەو بەڕێزە ماف بـەخۆی دەدات بـەناوی هـەموو کرێکـارو ڕۆشـنبیرو کاسـبکارو هـەموو کوردەوە قسە بکات کاتێکدا یەك پارێزگا لەکوردستاندا لەژێر دەسـەلاتی حیزبەکەیدایـە، نیـوەی کوردسـتانی عـێراق لەژێر دەستی حکومەتی عێراقدایە و پرۆسەی پاکسازی نەژادی تیاپیادە دەکرێت وتا ئەم ساتەش بەردەوامە کەواتە نەئەم بەڕێزەو نەهیچ کـەسو حـیزبێکی ترمـافی ئـەوەی نی‌یـە بـەناوی کـوردی ئـەو ناوچانـەوە قسـە بکـات چونکـە شەرعیەتی ئەوەی نی‌یە خۆ ئەگەر یەکێتی یـاخودی بـەڕێز تاڵـەبانی  پێمـان دەڵـێ ئـەم شـەرعیەتەی لەهـەڵبژاردنی ۱۹۹۲ وەرگرتووە ئەوا ئێمە دەڵێین لەوهەڵبژاردنەدا لەسەدا چلو نۆی دەنگی ئەم بەشە ڕزگـار کـراوەی کوردسـتانی هێنـاوە ئەمـە جگەلـەوەی ئـەو هەڵبژاردنـە لـەبارو دۆخێکـی  تایبـەتداکراوەو نـاکرێ هـەڵبژاردنێك تـا ئەبەدیـەت بەکاربهێنرێ بۆبەخشینی شەرعیەت، ئەم ڕاستی‌یە بۆ پارتیش هەمان شتە کەواتە ئـەم دووحیزبـە ئێسـتا لـەو بەشـە ئازادکراوەی کوردستان کێشەی شەرعیەتیان هەیە واتە ئەم دوو حیزبـە نـاتوانن پشـت بـەهیچ شـەرعیەتێك ببەسـتن جگە لەوەی کەدوو هێزنو چەکداریان هەیە و خۆیان سەپاندووە. لەم حاڵەتەدا لەبەر ئەوەی کوردستان دابەش بووە بەسـەر چـەند ناوچەیـەکی دەسـەلاتو لـەغیابی کۆمەڵگایـەکی مـەدەنیو لـەغیابی دەسـتورێکی گشـتیو لـەغیابی دەسەلاتێکی بەرمەبنای یاسا، ئەم بەڕێزە لەباشترین حاڵەتدا تەنیاو تەنیا دەتوانێ بەناوی حیزبەکەیەوە قسە بکـات چونکە هەزارەها خەڵك هەیە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدانی‌یە، لێرەوە ئەمە واتە کاتێك سەرکردەی گروپێك دێتو بە زۆرە ملـێ دەسـتەلاتی خـۆی دەسـەپێنێو مـاف بـەخۆی دەدات بـەناوی هـەموو میللەتـەوە قسـەبکاتو موزایـەدە بەچارەنووسـی نەتـەوەبکات درێـژ کـراوەی هـەمان  سیاسـەتی سـەرۆك خێڵـەکانی  سـەدەی نـوزدەو ئـەزموونی کوردایەتی‌یە لەسەدەی بیستەمدالەکاتێدا ڕۆژانە ڕۆژنامـەو تەلەفزیۆنـەکانی ئـەم حیزبـە بـاس لەکۆمەڵگـەی مـەدەنی دەکەن لەیەك سەردانێدا سەرۆکی ئەو حیزبە هەموو ئـەو پروپاگەندانـە هەڵدەوەشـێنێتەوە وەکـو ئـەوەی ئـەو شـوان بێتو کوردیش مێگەل، دووپاتی دەکەمەوە کەس ئەم بەرێزەی هەڵنەبژاردووە وەك ڕابەری میلەتی کورد لێرەوە هیچ مافێکی نی‌یە بەناوی کوردەوە قسە بکات، جگەلەمە بەرای من ئێمـە دەبـێ بەووریایی‌یـەوە چـاودێری هـەنگاوەکانی ئەم بەڕێزە بکەین چونکە لەرابردوودا کۆمەڵێك هەڵەی ستراتیژی گەورەی کردووەو میللەتەکەشمان باجەکەی داوە.

ئێستا وەڵامی ئەوە بدەمەوە کەئێمە چۆن ئامادەباش بـین، لەکوردسـتاندا لـەدەرەوەی ئـەم دوو حیزبـە گـروپو دەسـتەوتاقمی تـر هـەن کەهەقیانـە قسـە بکـەن لەبـەر ئـەوە ئێسـتا کـاتی ئەوەیـە کـەریفراندۆمێك لـەژێر چـاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا بکرێ تا بزانـین کـورد چـی دەوێ لـەو ناوچەیـەدا، لەوریفراندۆمـەدا دەشـێت چـەند پرسـیارێك پێشنیار بکرێت لێرەشەوە ئەو حیزبانە دەتوانن شەرعیەت بەدەست بـهێنن لەبـەر بنـاری ئـەو ریفراندۆمـەوە کەواتـە

ئێستا لەهەموو کـات زیـاتر پێویسـتە ئـەو حیزبانـە بگەڕێنـەوە بـۆلای خـەڵك و مەشـروعیەت لەخەڵکـەوە وەربگـرن. شتێکی تر کەدەبێ ئێستا خۆمانی بۆ ئامادە بکـەین مامەڵـە کردنمانـە لەگـەڵ ئۆپـۆزسـیۆنی عـێراقیدا ئۆپـۆزسـیۆنێك کەلە ئێستادا دان نەنێت بەوەدا کە کورد نەتەوەیەکە لەناو عـێراقداو ئەگـەر ڕۆژێـك وویسـتی لـە عـێراق جیاببێتـەوە مافی تەواوی هەبێت ئەوە ئێمـە نـاتوانین مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەین بزوتنـەوەی کوردایـەتی بـەلانی کەمـەوە دەبوایـە لەدەساڵی رابردوودا ئەوەی بسەپاندایە بەسەر ئەم ئۆپۆزسیۆنەدا کەشتێك نی‌یە بەناوی گەلی عێراقەوە بەڵکو گەلانی عێراق هەن بەڵام کە ئەمە نەکراوە ئێمە ئێستا دەبێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەین، ئێمە ئـەمڕۆ دەبـێ بیسـەپێنین بەسەر ئەم ئۆپۆزسیۆنەدا کە ئەو سوپایەی سەدام حسێن کەئەوان پێی دەڵێن سوپای نیشتمانی پـەروەرو بەشـان‌و باڵیدا هەڵدەدەن سوپایەکی داگیرکەرەو دەستی بەخوێنی کورد سوورە، ئەگەر ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەرئێسـتا دانـەنیت بەمافی کورد بۆدیاری کردنی چارەنوسی خۆی هی ئەوەنی‌یە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت، ئـەم ئۆپـۆزسـیۆنە تـا ئـەمڕۆ بەکوردستان دەڵێ شیمالی عێراق ئێمە دەبێ فشاریان بخەینەسەر کەئەم ناوچەیەی ئێمـە شـیمالی هیـچ وڵاتێـك نیـەو بەشێکە لەکوردستان، ئەم کارانە دەبێ لەزووترین کاتدا کاریان لەسـەر بکرێـت چونکـەکاتێ گۆڕانێـك ڕوویـداتو ئـەو ئۆپۆزسـیۆنە بێتـەوە بۆماوەیـەك دەسـتی دەسـتی بـەکورد دەکـاتو دواتـر دەکەوێتـە پـەلاماردانی کـورد هـەروەکو لەسەدساڵی رابردوودا رووی داوە، کارێکی تر کەئەمڕۆ خەڵکی کوردستان دەبێت بیکات خولقاندنی بواری مەدەنی‌یە کەلەڕێیەوە خەڵك فشاربۆ ئەم دوو حیزبە بهێنن کەبەئاسانی تەسلیمی ئەجێندای ئەمەریکی‌و تورکی و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی نەبن بەڵکو پشت ئەستور بەخەباتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کوردو پشت ئەستور بن بەکەرامەتی میللـەتێك کەقوربانی داوەو پشت ئەستور بەومێژووەوە بەغرورەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزانـەدا بکـەن بۆئـەوەی مـافی خـەڵکی کورد نەفەوتێت. ئێمـە میللـەتێکین خـاوەنی هەڵەبجـەو ئـەنفالین و دەبـێ ئـەو دوو رووداوە لەهـەموو دانیشـتنەکانی ئایندەدا لەسەر مێزی گفتوگۆ قووت ببنەوەو فشار بـۆ ئەورژێمـە بـهێنرێ کەلـە دوایـدا دێـت کەئـەم ڕۆژانـە بـەڕۆژی مێژوویی بناسێت واتە ناچاربکرێت داوای بەخشین لەکورد بکات، دیارە لەمەدای دووریشدا ئەم شتانە لەم دوو حیزبە چاوەڕێ ناکرێ بۆیە ئەرکی هەموو کوردێکە کەئەم پێداویستی‌یانە لەبەر چاوبگرێت. لەهـەموو حاڵەتـەکاندا ئەگـەر ئەمەریکا بریاری لێدان لـەعێراقی هـەبێت هیـچ هـێزێك نی‌یـە لـەم کاتـەدا بتوانـێ بـەرەنگاری ببێتـەوەو ئـەم هێرشـە رابرگیرێت دیارە کوردیش ئەو هێزە نی‌یە کەبتوانێ ئەو هێرشە ڕابگرێت بەڵام ئامادە بوونێکی پێویسـتە لـەوەدا کـە ڕێگە لەوە بگرێت کەکوردببێ بەقوربانی چونکە ترسی گـەورە ئەوەیـە کـە ئـەم کێشـەیە بەسـەر کـوردا بشـکێتەوەو جارێکی تر شەڕبکەوێتەوە ناو کوردستان کەدەساڵە خەڵك خـەریکی ئـاوەدان کردنـەوەی وێرانکاری‌یـەکانی پێشـووە ودیسانەوە کورد ئاوارە ببێتەوە، لێرەوە دەبێت پێشگیری لەوە بکرێت کەکوردستان ببێ بەو گۆڕەپانەی کەخوێنی کوردی تیا برێژرێت لەبەرەئەوەی ئەجێندایەکی ئەمـەریکی هەیـەو دەبـێ پیـادەبکرێت ئـەم هۆشـیاری یـە پێویسـتە ولەپاڵ هەرسیناریۆیەکدا دەست بەردار نەبوونی ئەوەی کەکورد لەعیراقدا وەك نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەبێ ڕۆژێـك گەر ویستی جیاببێتەوە و دەست هەڵگرتن لەچەمکەکانی دەوڵەت، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم چونکـە کێشـەی ئێمـە هیـچ یەك لەوانە نی‌یە بەڵکو دان پێدانانە بەومافەی کەکورد بتوانێ حوکمی خۆی بکات، گەر ئەمە لـەچوارچێوەی عـێراقدا مەیسەر دەبێت وەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەمۆدێلی کەنەدی‌دا بۆ کیوبیکەکان مەیسەر بووە دەتوانین ئـەو مۆدیلـەمان پـێ قووت بچێت بەڵام هیچ کاتێك نابێت لەسەر مێزی گفتو گۆ پێش ئەوەی دوژمنەکان مافەکانیان لێ سەندبینەوە ئێمـە خۆمان تەسلیمان کردبێت، ئێمـە لەسـەر مـێز دەبـێ وەکـو بەرامبـەرەکانمان قسـە بکـەین‌و پشـت ئەسـتور بـەوەی

لەپشتمانەوە میلەتێك هەیە کـە قوربـانی داوە تەسـلیم کـردنو بەخشـینی مافـەکان وەك دیـاری بـەدوژمنان ئـەوجی گـەمژەییو خیانەتـە کەسـەرکردەیەك بیکـات، کارەسـاتی ئـەم دوو حیزبـە لەدەسـاڵی رابـردوودا ئـەوە بـووە کـەتێ نەگەیشـتون لـەگرنگی کۆمـەڵگای مـەدەنی کـەخۆی لەراسـتیدا بـۆ بـەهێز کـردنو پشـتگیری کردنـی تواناکـانی سیاسەتمەداری کورد دەبوو ئەمە بەومانایەی هەر سەرکردەیەك گەر لەپشتی یەوە هێزێکی مەدەنی هەبوو دەتوانێت بەسیقەیەکی زیاترو هێزێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ دوژمن بکات بەڵام لەبەرئەوەی تائێستا سەرکردەی کـورد وەکـو مێگەل سەیری کورد دەکاتو ناتوانێت لەخەڵکدا پاڵ پشتێك بۆخۆی ببینێتەوە لەو حاڵەتانـەدا نـەبێت کەبانگەشـەی شەڕ دەکەنو خەڵکی تیادا بەکوشـت دەدەن، بـەڵام ئەگـەر بـواری مـەدەنی هەبوایـە و پێش ئـەوەی سـەرکردەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشتنایە خەڵك ئازادی بەیانی هەبوایە ئەو هێزەی خـەڵك دەبـوو بـەهێزێك کەسـەرکردەیەك دەیتوانی پشتی پێ ببەستێت و لەوکاتەشدا هیچ سەرکردەیەك ڕێی بەخۆی نـەدەدا بـەناوی سـەرجەم میللەتێکـەوە قسە بکات جگەلەوەی کەبڵێ من نوێنەرێکمو خەڵك هەڵیبژاردووم و خەڵك چی بوێت من ناچـارم ئـەوە بکـەم، ئەگـەر دووژمنەکەت ووتی تۆ ئەم مافانەت نیە، دەبێ بڵێ ئالێرەدا بووەستە چونکە من مافی ئەوەم نیە لەگەڵتا دابنیشم وەدەبێ راپرسی خەڵك بکەم، هەتا لەدنیای کوردا ئـەم هەوڵەنـەدرێت سـەرکردەی کـورد شـوانەو میللـەتی کوردیـش مێگەل وە ئەم سیاسەتەش سیاسەتێکە کە ئینسانی کورد دەبێ دژی بووەستێتەوە.

*** هەست ناکەیت یەکپارچەیی عێراق بووەتە بەزۆردێکی (BUZZWORD) سیاسی لەو ناوچەیەدا؟**

– بەڵێ من هاوڕێی تۆم لەمەدا، یەکپارچەیی عێراق بووەتە بەزۆرد بـەمانای دووبـارە کردنـەوەی چـەمکێك زیـاد لەپێویسـت کەلـە خـودی خۆیـدا ئـەو ووشـەیە چەواشـەکەرە یەکپارچـەیی عـێراق لەراسـتیدا یۆفیمیزمێکـە (EUPHEMISM) وبریتیـیە لەسەندنەوەی ماف لەکورد بۆجیابوونـەوەو کـاتێك سـەرکردەی حیزبـە سیاسـیەکانی کوردستانیش قسە لەسەر یەك پارچەیی عێراق دەکەن بەخۆیان بزانن یان نا، ملیانداوە بۆ ئەجێندای دوژمنانی کورد لەناوچەکەدا وەئەم یوفیمیزمە بەکاردەهێنێ کەخۆی ئەمیش لەگەڵ ئەوەدایە کەئەم مافە لەکورد بسەنرێتەوە کەبۆی نەبێ دەستکاری نەخشەی عێراق بکات لەکاتێکدا سەدساڵ تێ نەپەڕیوە بەسەر لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە ئەمە بێ حورمەتـیـیەکی گەورەیـە بەئینسـانی کـورد کاتـێ مـافی دیـاری کردنـی چارەنووسـی لێ دەسـەنرێتەوە جـا ئـەو چارەنووسە ژیانە لەناو عێراق دا یان جیابوونەوە هیچ جیاوازیەکی نیە. لەدوای ئەو ریفراندۆمەی ۱۹۱۹ کەسێك ئەم پرسەی بەکورد نەکردووەو هەتا ئەم پرسەش بەکورد نەکرێتو ئینسانی کورد بڕیار نەدات هیچ هێزێك مـافی ئـەوەی نیە ئەم مافە لوکورد بسەنێتەوەو دواجاریش بێ حورمەتی هەرنەتەوەیـەك تۆنـاتوانی دەستبەسـەرداری ئـەم مافـە ببێت لێرەوە قسەکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی داواکـاری یـەکی پووچـە ئـەوەی لـێرەدا پرسـیارە ئەوەیـە کەئێمـە بـەهیچ شێوەیەك نابێ دەست بەرداری ئەو مافە ببین ئیتر ئەوەی جیادەبێتـەوە وەیـان نـا، لەئێسـتا داپرسـیارەکە نیـیە، چونکە تەنها پێ داگرتنی تۆ لەسەر ئەم مافە بوونی تۆ وەك نەتەوەیەك دەسەلمێنێ و هەر ئەو کاتەش خـەڵکانی تـر وەکو نەتەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن جا لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا چی دەکەیت، دەکرێت بەرنامەی بۆ دابڕێژیـت کـە من گومانم هەیە لەوەی کە ئەم دوو حیزبە بزانن کە ئەگەر کورد لـەچوارچێوەی عێراقیشـدا بمێنێتـەوە جـێ بکاتو مافـەکانی پـارێزراوبێت ،مـن گومـانم هەیـە لەبەرنامـەکانیان بـەڵام بەهـەرحاڵ ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە کـە پێداگرتـن لەسەریەکپارچەیی عێراق خۆی واتا تەسلیم کردنی ئەومافەی کەهەیەتی ئەویش مافی دیاری کردنی چارەنووسو دان پێدانانیی وەکو نەتەوە، پێ داگرتن لەسەریەك پارچەیی عێراق واتە رازی بوونت بەوەی وك هاونیشتمانی ژمـارە دوو

سەیر بکرییت، کارەساتەکە لەوەدایە کەدوای هەشتا و دوو ساڵ خوێن ڕشتن سەرکردەی حیزبێك دێتو بەکەمتر لەئۆتۆنۆمی ڕازی یەو لەسەرسینی یەك ئەم مافەی کەبەخوێن سەندراوە بێ باکانە دەیدات بەدەستەو وباس لەوە دەکات کەکورد نایەوێت لەعێراق جیا ببێتەوە، ئەمە یاری کردنە بەچارەنووسی نەتەوەو خوێنی شەهیدانو بەخەباتی هەشتا ساڵەی خەڵکو یاری کردنە بەقوربانیەکانی ئەو میللەتەو خۆشی دەلالەتە بۆ نەبوونی حیکمەتی سیاسی.

***لێرەوە پرسیار لەڕۆڵی توێژو دەستەو تاقمە کوردیەکان دێتە پێشەوە، بەڕای بەڕێزتان بۆ بەرگرتن لەدووبارەبوونەوەی کارەساتێك کەکوردتیایدا ببێتە قوربانی لەئاکامی هەست نەکردنی حیزبە سیاسیەکان بەسەنگینی ڕووداوەکانو نەتوانینیان بەهەستان بەئەرکی پێویستی خۆیان گروپە جیاوازەکان لە کوردستاندا دەبێ کار بۆچی بکەن؟**

– وەکو پێش گرتنێك لەم سیاسەتەی سەرکردە کوردیەکان کەتا ئێستا بێ باکانە مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخەکاندا کردووە بەهۆی ئەو هێرشەی کەبڕیارە بکرێتە سەر عێراق کەلە دواجاردا گۆڕانێك بەهەر شێوەیەك بێت ڕوودەداتو چارەنووسی نەتەوەی کورد لەمەترسیدایە بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە کۆمەڵێك سیناریۆ بخەینە ژێر پرسیارو ئێستا کاتی ئەوەیە کەکۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارات ساز بکرێت. ئەمەش بەتەنها کاری گروپێکی دیاری کراونیە بەڵکو پەیوەندی بەهەموو کوردێکەوە هەیە بۆیە دەبێ هەموو چینو توێژوو دەستەو تاقمە کوردیەکان بەشداری تێدا بکەن واتە جوتیارو کاسبکارو کرێکارو مامۆستا وقوتابیو هەموو گفتوگۆ لەسەر ئەوەبکەن کەچی بکرێتو چۆن ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکاریانە ببینەوە کەبەڕێوەن، ئەم کارەش لەدەرەوەی حیزبی سیاسی دەبێت بکرێت واتە بواری مەدەنی کوردی دەبێت پێی هەڵبستێ وەمەبەستیشمان لە (PUBLIC) ئەوەیە کەئەگەر دووکەس پرسیاریان لەسەر چارەنووسی کورد لادروست بوو بتوانن ڕاکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن بواری مەدەنی هەموو پرسیار کردنێکە لەنێوان دووکەسدا وڕاکانیان بگۆڕنەوە، لێرەوە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە یەکجار گرنگن چونکە ئایندەی چەندەها دەیەی داهاتووی کورد لەچەند مانگی داهاتوودا دیاری دەکرێت، بۆئەوەی ترسناکی ئەو سیناریۆیە بخەمە بەرچاوی خوێنەران دەمەوێ بڵێم بیهێننەوە بەرپاو گۆڕانێك بێتە پێشەوەو کەسانی لەچەشنی نزار خەزرەجی حوکم بگرنە دەست و سەر کردەی حیزبە کوردی یەکانیش نەزانن وەك ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا نەیزانیوە چۆن مامەڵە بکەن لەوەی پشت ئەستور نەبن بەبەرنامەیەك کەپێش وەخت گشت ڕەهەندەکانی شی کرابێتەوە کە ئەنجامەکەی لەباشترین حاڵدا سەپاندنی فۆرمێکی تری ئۆتۆنۆمی بێ وەکو ئەوەی ١٩٧٠ کەخۆی مانای چل پەنجا ساڵی ترخوێن ڕشتن چونکە ئەگەر یەکێتی نیشتمانیش بەو فۆرمەلە حوکوم ڕازی بێت خەڵکێك هەیە ڕازی نابێت و یەکێك لەوانە من بەسیقەوە وەکو کوردێك دەڵێم هیچ جۆرە فۆرمێکی حوکمی زاتی لای من پەسەندنیەو یەکەم کەس دەبم بەهەموو دەستەڵاتێکمەوە دژی دەوەستمەوە بەواتایەکی تر خەڵکێك هەیە دیسان دەداتەوە شاخو خەڵکێك شۆڕش دەکات واتە دیسانەوە جارێکی تر بازنەی خوێن ڕژانەکە دەست پێ دەکاتەوە، جابۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات هەر ئێستا دەبێ خەڵك بکەونە پرسیارکردن لەوسیناریۆیانەی کەلە ئارادایە دەبێ ئەم مەسەلەیە ببێتە جێی قسەو باس لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا، لەکۆڵانەکاندا، لەقوتابخانەکاندا، لەچایخانەکاندا بەواتایەکی تر دەبێ هەموو خەڵك ڕای خۆی بداتو دەبێ قسە بکرێ لەسەر ئایندەی نەتەوەی کورد و لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێ قسە لەسەر حیکمەتی ئەو سەرکردانە بکرێتو ئاگادار بکرێنەوە کەبەناوی هەموو مانەوە قسە نەکەن و پێیان بڵێن چیمان دەوێتو بۆ چوونە جیاوازەکان لەڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێنەوە، بەمانایەکی تر دەبێ باس لەخەونەکانمان بکەین پێ لەسەر ئەوە دابگرین

کەبەئاسانی دەستیەرداری مافەکانی خۆمان نابین‌و سەرکردەکان لەو ڕاستی‌یە ئاگادار بکەینەوە کەلەباشترین حاڵدا ئەوان هیچی دی نین جگەلەوەی کەبەشێوەیەك لەشێوەکان‌و بەهۆی هەلومەرجێکی دیاری کراوەوە خۆیان سەپاندووە بەناوی کوردەوە قسەدەکەن بەڵام ئەمە داواکاریەکانی ئێمەیەو ئەوانیش گەر وەك نوێنەری کورد قسەدەکەن دەبێ داواکاری‌یەکانی ئێمە پێشنیار بکەن ئێمە بەهیچ فۆرمێك لە حوکمی سیاسی ڕازی نین کە تیایدا کەرامەتی نەتەوەییمان پارێزراو نەبێت هەرکات ئێمە ئەمانەمان کرد یەکێك لەبەر پرسیاری‌یەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە وەڕەهەندێکی گەورەی ئینسانی بوونی خۆمان کەسیاسی بوونی خۆمانە لەڕادەبڕیندا خستۆتەڕوو.